# دارشتەی چەمك لە زمانی کوردیدا

**پ.ی.د.کاروان عومەر قادر**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی زمان**
**بەشی کوردی**

**دەستپێك:**

وشەکان، واتاکانیان، پەیوەندییەکانیان، ڕێسا و یاسای سازدانیان، چۆنیەتی و چەندێتی کارلێکی نێوانیان، ئەرکیان لە دارشتنی فرێز و ڕستەکاندا، سەرناو و بنەوانی کاری زمانەوانانەکان و خودی زمانەوانی کۆن و نوێی نزیك بووە. ئەمەش بە شێوەیەك بووە، کە پێش زانستێتی زمانەوانی و لە ساتی بە زانستیبونیشیدا و بە تێپەڕبوونی زۆربەی وەشانە تیۆرییەکانی زمانەوانیش گەورەترین کار و کێشەی وشەساز و فەرهەنگنووسەکانی کۆن و نوێی زمانەوانی زیاتر خۆی لە جیاوازی و جیاکردنەوەی (واتای فەرهەنگی) و (واتای نافەرهەنگی) وشەکان و واتای کەرەستە زمانییەکاندا بینیوەتەوسبصبلە. جیاوازی بۆچوون و کاری زمانەوانەکان لە وەشانە تیۆرییە زمانەوانییە جیاوازەکاندا لە سەر بنەمای دوو ئاراستە بووە، کە یەکەمیان بریتی بووە لە ئاراستەی کارکردنی زمانەوانەکان ( کە ئایا لە گەورەترین یەکەی زمانەوە "ڕستە/دەق" بۆ بچوکترین یەکەی زمانی "فۆنێم/وشە" شیکردنەوەی زمانییەکان بکرێت یان بە پێچەوانەوە لە بچوکەوە بۆ گەورە بکرێت؟)، ئاراستەی دووەمیشیان بریتی بووە لە تەکنیکی شیکردنەوە زمانەوانییەکانیان (کە ئایا بە چ تیۆرییەك پێواژۆکاری مژۆڵییە زمانەوانییەکانیان بنوێنن؟).

بێگومان گەر ئەم گوتانە جارێك بۆ زمانەوانی گشتی ڕاست بێت، ئەوا بۆ زمانەوانی کوردی دوو جار دروستە، چونکە وێڕای کارکردنی زمانەوانە کوردەکان لە سەر ڕێڕەوە گشتییەکەی زمانەوانی گشتی، زمانەوانە کوردەکان خۆشیان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەردەوام بە دوای وردبوونەوە و تێڕامانی زیاتر و زۆرتری زمانەوانییانەوە بوون لە کەرەستە زمانییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تێگەیشتن و تێگەیاندنی وشەکان و پەیوەندییە واتاییەکانیان و ڕێسا و یاسای دروستبوونی خۆیان و کەرەستە زمانییە گەورەکانی سەروو خۆیان. بەمشێوەیە دەبینین، کە تەنانەت نوێترین کارە زمانەوانییەکانیشمان دەربارەی چۆنیەتی و چییەتی تۆمارکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بەو شێوەی لە ئاوەزی مرۆڤی کوردیدایە، بە مەبەستی چەسپاندنی هەوڵە زانستییەکان بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی و هێنانەکایەی یەك فەرهەنگی زمانی ستانداردی زمانی کوردی و پێڕەوی ستانداردی فێربوونی زمان و کلتوری کوردەواری هێشتا جەختکردنەوەکان زیاتر لە سەر وشەکانی زمانی کوردی و نیشانە واتاییەکانیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردنە زمانییەکانیەتی لە چێوەی قاڵبە دارێژراوە زمانییەکانی تردا.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم پێشینە زانستییە هزر دەبزوێنێت بۆ ئەو پرسیارەی، کە ئایا بە ڕاستی زمان تەنها و تەنها بریتییە لە وشە و واتاکانیان و ئەرکیان لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەکاندا؟

خۆ ئەگەر وەڵام ئەرێ بێت، ئەوا دەبێت وردتر بڕوانرێت لە واتای وشە و بپرسرێت، ئایا واتای وشە بە تەنها بریتییە لەو زانیارییانەی لە پێناسەی وشەکەدا خۆی مەڵاسداوە؟ واتە دەکرێت بگوترێت زمان بە تەنها بریتییە لە وشەکان و واتای وشەکانیش بریتین لە نیشانە واتاییەکانیان؟!

بەوشێوەیە ئەگەر کۆی زمان چنراوی وشە و واتای وشە و نیشانە واتاییەکانیان بێت، ئەوا دەکرێت بگوترێت زمان دامەزراوەیەکی ئاوەزی دیاریکراوە و خاوەنەکەشی (کە مرۆڤە!) زیرەکییە ئاوەزییەکەی سنورداره. بێگومان ئەمەش تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە نە زمان دامەزراوەیەکی ئاوەزی سنوردراره و نە خاوەنەکەشی زیرەکییەکەی دیاریکراوە، بگرە بەردەوام قوڵی و فراوانی ڕەهەندە زمانییەکان جەختکردنەوەی ڕاستەوخۆن لە سەر بەهرەمەندیی مرۆڤ. هەربۆیە ناکرێت ئەم دامەزراوە بێ سنورە تەنها و تەنها لە وشەکان و واتاکانیان و ڕۆڵەکانیان پێکهاتبێت.

بەمشێوەیە دەکرێت وشەکان و ڕەهەندە زمانەوانییەکانیان لە زماندا تەنها نمایندەی ڕاستی زمان بن، واتە وشەکان و واتاکانیان و ئەرکیان تەنها نوێنەر و خستنەڕووی ئەو (چەمکانەن)، کە لە ئاوەزی مرۆڤدا بوونیان هەیە، تەنانەت دەتوانرێت بشگوترێت، کە نمایندەی سەرجەم (چەمکەکان)یش نین، بەڵکو تەنها و تەنها نمایندەی ئەو لایەنەی چەمکەکەن، کە لە ئاوەزی مرۆڤی قسەکەردا بوونی هەیە نەك خودی چەمکەکە. بوونی چەندین وشەی جیاواز لە زمانەکەشدا و بەکارهێنانی لە لایەن قسەپێکەرە جیاوازەکانەوە بۆ دووان لە هەمان چەمك لە ڕوانگە و گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە بەڵگەی ڕاستێتی ئەم بۆچوونەن. بەمەش دەردەکەوێت، کە وشەکان و واتاکانیان و ئەرکیان لە پێکهاتەی دروستە سینتاکسییەکاندا تەنها نواندنی یەك لایەنی یان دوو لایەنی یان چەند لایەنی چەمکە پیشتر ئەزموونکراوەکەی ئاوەزی مرۆڤەکەیە و هەرگیز یەك وشە یان چەند فۆڕمێکی یەك وشە ناتوانێت سەرجەمی چەمکەکە بنوێنێت. بەمشێوەیە و لەم تێگەیشتنەوە دەکرێت بگوترێت زمان دامەزراوەیەکی چەمکییانەی ئاوەزییە، کە بنەماکەی شارەزاییە ئەزموونکراوەکانە، کە لە سەر ژێرخانی کلتورییانەی مرۆڤەکە و کۆمەڵەکەی خۆی بونیادناوە. بەمشێوەیە، کە زمان دامەزراوەیەکی چەمکییانەی کۆزانیارییە ئاوەزییەکان بێت و وشە و دەرهاویشتەکانیشی تەنها نمایندەی ڕەهەندێکی یان چەند ڕەهەندێکی ئەم چەمکانە بن، کەواتە زەحمەتە وشە و دەرهاویشتەکانی و قسەپێکەرانی ئەم وشانەش (تەنانەت قسەپێکەرە هەرە زمان شیرینەکان و هەرە نوسەرە بەناوبانگەکانیش) ناتوانن بە وشە و دەرهاویشتەکانیان سەرجەمی چەمکەکە دەربڕن و ڕەنگە پێویستیش نەبێت دەریببڕن!

لەم گۆشەی ڕوانینەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی زمان  بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی لە ڕەهەندە چەمکییەکەیدا و ئەزمونێکی زانستییە و ویستییەتی لە پشتی وشە و دەرهاویشتەکانی زمان توێژینەوە بکات، کە هەر خودی وشە و دەرهاویشتەکانی نمایندە و نوێنەرنی. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوەکە، کە بە پێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەیڕەوکراو تێیدا (کە ڕێبازی درکپێکراوی شیکراوەیە) لە چێوەی (سیمانتیکی درکپێکردن)ی (زانستی زمانی درکپێکردن)دا پێیوایە، کە زمان لە خۆیدا کۆزانیارییەکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئینسکلۆپیدییە. ئینسکلۆپیدیاکەش بۆ سەرجەم شارەزاییە ئەزموونکراوەکانی مرۆڤ، کە تێیدا ژیاوە و لە ڕێی هەستەوەرەکانییەوە لە ئاوەزیدا بە کۆدی کردووە، دەگەڕێتەوە. هەربۆیە ڕاستە وشەکان و دەرهاویشتەکانی تەنها و تەنها نمایندەی لایەنێکی یان چەند لایەنێکی ئەم کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەن (واتە چەمکەکەن)، بەڵام هیچ لەو ڕاستییەش ناگۆڕن، کە وشەکان لە خۆیاندا ڕێگەن بۆ گەیشتن بەم کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییە.

## تەوەرەی یەکەم: داڕشتە بەراییەکانی واتا لە زمانەوانیدا:

لێکۆڵەرانی واتا بەردەوام جەختیان لە سەر ئاڵۆزی واتا و شیکردنەوەکانیان کردۆتەوە. لەم پێناوەشدا بەردەوام گریمانە و تیۆری جیاوازیان داڕشتووە، تا بە هۆیانەوە وردتر و زانستیتر واتای زمانی شیبکەنەوە. گەر بە وردی لە سەرجەم ئەو گریمانە و تیۆرییانەش وردببینەوە، ئەوا دەبینین وێڕای جیاوازییە چەمکی و تەکنیکییەکانیان لە یەك خاڵی بەهێز و سەرەکیدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش جیاکردنەوە و دابەشکردنی واتایە بۆ بەشی جیاواز. بێگومان ئەم جیاکردنەوەیەشیان هەم بە مەبەستی ئاسانکردنی شیکردنەوەی واتا بووە و هەم بە مەبەستی زانستیتر گەیشتن بە واتا بووە. ئەمە جگە لەوەی جیاکردنەوەکانیان بەردەوام پاڵپشت کردووە بە چەند بنەمایەکی فەلسەفی یان زانستی یان تەکنیکی. ڕەنگە دیارترین جیاکردنەوەشیان، جیاکردنەوەی (واتای سیمانتیکی) لە (واتای پراگماتیکی) بێت. لەم بارەدا دەشێت بگوترێت دیارترین و سەرنجڕاکێشترین بنەما، کە ئەم جیاکردنەوەیان لە سەر کردووە لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی (چۆمسکی)دا دەرکەوت، کە لە چێوەی تیۆری (مۆدولارێتی)[١]دا خراوەتەڕوو. (چۆمسکی) و پەیڕەوکەرانی لەم گریمانەیانەدا زۆر بە وردی و ئاشکرا (کۆزانیاری زمانی) لە سەرجەم (کۆزانیارییە نازمانییەکان) جیادەکەنەوە. هەر لێرەشەوەیە، کە (واتای فەرهەنگی/ واتای سیمانتیکی) و (واتای نافەرهەنگی/ واتای پراگماتیکی) لە یەکتر جیادەکەنەوە و وەك دوو واتای جیاواز لە یەکتر لێیدەڕوانن و شیکردنەوەی تێدا دەکەن. ئەم گریمانەیە بنەمای زمانەوانی شێوازبەندی چۆمسکی و پەیڕەوکەرانی بووە و دواتر بۆتە بنەماش بۆ شیکردنەوەکانی (سیمانتیکی شێوازبەندانە "Formal Semantics")[٢]، چونکە ئەمان پێیانوابووە، کە تەنها کۆزانیاری زمانی پەیوەستە بە زمان و لە سروشتیدا جیاوازە لە چەشن و جۆرەکانی تری زانین و کۆزانیاری. بەم شێوەیە کارکردنیان زیاتر لە سەر واتای وشە و دروستەی وشە و ئەو چێوە دروستەییەی وشەی تێدا بەکاردێت (واتە سینتاکس ) بووە. هەوڵدانەکانی زمانەوانەکانی سیمانتیکی شێوازبەند بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی و چییەتی داکردنی (خەزنکردنی) وشەکان لە ناو فەرهەنگی ئاوەزیدا و چۆنیەتی نواندنی لە دروستە زمانییەکاندا دوو قۆناغی سەرەکی تەواوکەری بینیووە، کە ئەو دوو قۆناغەش لە خۆیاندا هەریەکەیان تیۆرییەکی سیمانتیکییە و هەوڵیانداوە شێوازبەندانە بە تەنها واتای زمانی جیا لە واتای نازمانی شیبکەنەوە. ئەو دو تیۆرییە سیمانتیکییە شێوازبەندەش (سیمانتیکی

[١] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەند و چوونەکانی ئەم چەمکە لە قوتابخانەکەدا، بڕوانە:
a/ Chomsky ,N. (2000:117-121)    b/ Smith, N. (2004:15-30)

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: a/ Greeraerts, D. (2010:48-74)    b/ Prandi, M. (2004:152-200)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

لێکسیکی "Lexical Semantics" و سیمانتیکی پێکهێنان "Composition Semantics")[3] بووە. لێکۆڵینەوە و بەرهەمە زمانەوانییەکانی ئەم دوو تیۆرییەی سیمانتیکی شێوازبەندانە گەرچی بە دوو ئاڕاستەی جیاواز بووە، بەڵام تەواوکەری یەکتری بوون و لە پێناو گەیشتن بە یەك ئامانج بووە، کە ئەویش بە تەنها شرۆڤەی (واتای زمانی) بووە. ئەم ڕاستییەش لە کرۆکی هەردوو تیۆرییەکەدا دەردەکەوێت، چونکە (سیمانتیکی لێکسیکی) لە واتای تاکە بە تاکەی وشەکان و پەیوەندییە واتاییەکانیان (وەك هاوواتا و دژواتا و فرەواتایی و هایپۆنیم و مێتۆنیمی و مێرۆنیمی و...هتد) دەکۆڵێتەوە و پێیوایە، کە تایبەتمەندی دروستە سینتاکسییەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر تێگەیشتن لە واتای وشەکان دەبێت. هەربۆیە زۆر بە وردی کاریانکردووە

لە دروستەی وشەکاندا. ئەم جۆرە کارکردنەشیان بنەمایەك بووە بۆ هێنانە کایەی تیۆری (نیشانە واتاییەکان"Semantic Features")[4] لە واتاسازیدا، کە بە هۆیەوە هەوڵیانداوە واتای وشە و دروستەی وشە و چۆنیەتی بەکاربردنیان لە دروستە سینتاکسییەکاندا تەواو و پڕاوپڕ بە شێوەیەکی شێوازبەندانە شیبکەنەوە. بەڵام ئەم شیکردنەوە شێوازبەندە تەواو و پڕاوپڕانە تەنها شیکردنەوەی نیوەی واتایە (چونکە تەنها واتای زمانییان شیکردۆتەوە) و خودی شیکردنەوە تەواو و پڕاو پڕەکەیان نیوەناچڵ دەردەچێت. هەربۆیە تیۆری (سیمانتیکی پێکهێنان)ی سیمانتیکی شێوازبەندانە هەوڵیداوە نیوەکەی تری واتای فەرهەنگی شیبکاتەوە. هەربۆ ئەم مەبەستەش تیۆرییەکە زیاتر جەختی خستۆتە سەر چۆنیەتی لێکدانی وشەکان لە چێوەی ڕستەکاندا و چۆنیەتی پەیوەستکردنی ڕستە واتادارەکان بە یەکترییەوە بۆ گەیاندنی واتا، چونکە بنەمای کارکردنیان زیاتر بریتی بووە لەوەی، کە واتای وشە لە سەر بنەمای پەیوەندییە سینتاکسییەکان بونیاد دەنرێن[5]. بێگومان سەرهەڵدانی ئەم دوو تیۆرییە و شیکردنەوە زمانییەکانیان بنەمایەکی پتەویان داڕشت بۆ جیاکردنەوەی (واتای وشە) و (واتای ڕستە)، بە شێوەیەك، کە تیۆری (سیمانتیکی لێکسیکی) تایبەت بوو بە شیکردنەوەی (واتای وشە) و تیۆری دووەمیشیان تایبەت بوو بە شیکردنەوەی (واتای ڕستە). هەر لە سەر ئەم بنەمایەش زۆر شیلگیرانە دوپاتیاندەکردەوە ، کە واتای وشەکان لە واتای ڕستەکانەوە هاتووە، کە خودی بۆچوونەکە لە ئێستای زمانەوانیدا دروست ناکەوێتەوە، هەروەك ( Vyvyan Evans and [6] (Melanie Green لە شیکردنەوە درکپێکراوەکانیاندا جەختیان لێکردۆتەوە، چونکە:

١. واتای وشە لە خۆیدا سروشتێکی گۆڕاوی هەیە و زەحمەتە گۆڕانی بە سەردا نەیەت، کەوابێت چۆن دەکرێت واتای ڕستە لە کۆی ئەم واتا بەردەوام گۆڕدراوەوە بێت. لەمبارەدا دەکرێت بگۆڕیی واتای وشەی (بلۆك) وەك نموونە وەربگیرێت لەم ڕستانەدا:

---

٣ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : Jakendoff, R. (1990)

٤ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Jeffries, L. (2006:164-168)

٥ بە مەبەستی وردبوونەوە لە چۆنیەتی کارکردنی پەیڕەوکەرانی ئەم تیۆرییە بڕوانە :
a/ Cruse, D., A. (1986:22) b/ Geeraerts, D.(2010:75-88)

٦ بۆ تێگەیشتن لە بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەکانیان لە زمانی ئینگلیزیدا بڕوانە:
Evans, V. and Green, M. (2006:313-315)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(١) ا- ئەم دیوارە بەردە یان [ بلۆك]ە.

ب- [ بلۆك]ەكەت حەواڵە كرد.

پ- یەكسەر [ بلۆك]ی بكە و سەری خۆتی پێوە مەهێشێنە.

ئێستا گەر لە ڕستەكان ڕابمێنین، ئاشكرا دیارە، كە جیاوازی واتای وشەی ناو كەوانە شكاوەكان لە هەر سێ ڕستەكەدا تەواو واتایان جیاوازە و جیاوازییەكەشیان لە بگۆڕیی خودی واتای وشەكەوە هاتووە، بە شێوەیەك، كە لە ڕستەی (١ا)دا زیاتر واتای تەنی بلۆك و لە ڕستەی (١ب)دا واتای دراو و لە ڕستەی (١پ)دا واتای داخستن دەگەیەنێت.

٢. بە پێی بنەماكانی سیمانتیكی دركپێكردن وشەكان تیاهەڵگری واتا نین، بەڵكو هەر وشەیەك زیاتر بریتییە لە پێواژۆی جەختكردنەوە لە سەر دیاریكردنی لایەنێكی دیاریكراوی ئەو چەمكەی وشەكە دەیەوێت ئاماژەی بۆ بكات. بۆ نموونە لە چەمكی (خواردن)دا دوو وشە لە زمانی كوردیدا بوونی هەیە، كە هەریەكەیان جەخت لە سەر لایەنێكی چەمكەكە دەكاتەوە و دەیەوێت بە تەنها ئەو لایەنەی چەمكەكە بخاتەڕوو، وەك واتای وشەكانی (خواردن، خواردنەوە)، كە هەر هەمان چەمكیان هەیە، بەڵام هێندە هەیە، كە لە هەر یەكێكیاندا جەخت لە سەر لایەنێكی چەمكەكە دەكرێتەوە. بەمەش دەسەلمێت، كە وشەكان ناتوانن تیاهەڵگری واتابن، ئیتر چۆن دەتوانن واتا ببەخشن! با لە هەردوو ڕستەكە وردببینەوە:

(٢) ا- ئازاد نانەكەی [خوارد].

ب- ئازاد شەربەتەكەی [ خواردەوە].

گەر لە هەردوو ڕستەكە ڕابمێنین، دەبینین، كە لە هەردوو ڕستەی (٢ا و ٢ب)دا ئازاد یەك كردەی جێبەجێكردووە، كە ئەویش كردەی هەرس كردنە، بەڵام لە كردەی هەرسكردنی ڕستەی (٢ا)دا خواردنی ڕەقی خواردووە و لە ڕستەی (٢ب)دا شلەمەنی خواردۆتەوە. واتە چەمكەكە هەر یەك چەمك (كردە) بووە، بەڵام بە دوو وێنای جیاواز.

٣. بەشێكی گرنگی واتای ڕستە لە واتای خودی بونیادی ڕێزمانی ڕستەكەوە چنگدەكەوێت، چونكە بونیادە ڕێزمانیەكانیش، كە لە شێوەی یاسای سینتاكسیدا دەردەكەون و باون خاوەنی واتان و واتای جۆراوجۆر دەگەیەنن. بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا یاسای داڕشتەی ڕستەكانی زمانی كوردی دیاریكراون، كە چین، بۆ نموونە داڕشتەی ڕستەی هەواڵی بریتییە لە (بكەر+كردار) یان (بكەر+بەركار+كردار). بۆیە هەر وشەیەك ئەو جێكەوتانە پڕبكاتەوە چەمكی داڕشتە ڕێزمانییەكە هەر واتای هەواڵی بە ڕستەكە دەگەیەنێت، كەواتە بەشێكی گەیاندنی چەمكی هەواڵی دەكەوێتە ئەستۆی داڕشتە سینتاكسییەكە. بێگومان بۆچوونەكە بۆ داڕشتەی چەشن و جۆرەكانی تری ڕستە لە زمانی كوردیدا وا چاوەڕواندەكرێت دروست دەربچێت.

بێگومان هەردوو تیۆرییەكە و سەرجەمی سیمانتیكی شیوازبەندانە تەنها و تەنها شرۆڤەی (واتای فەرهەنگی) زمانیان كردووە و هەرگیز خۆی لە قەرەی شیكردنەوەی واتای نافەرهەنگی كەرەستە زمانییەكان نەداوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ بنەمایی چەمكی (مۆدولارێتی) و جیاكردنەوەی (سیمانتیك و پراگماتیك) دەگەڕێتەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە قوتابخانەکەدا، بە شێوەیەك ئەرکیان تەنها شیکردنەوەی (کۆزانیاری زمانی) بووە و شیکردنەوەی (کۆزانیاری نازمانی، چ کۆزانیاری کلتوری چ کۆزانیاری فیزیکی بێت) بە پراگماتیك سپێردراوە.

بەمشێوەیە ئەم جیاکردنەوەیان بۆ واتا جارێکی تر نیوەناچڵێتی بەرهەمهێناوە و نەیتوانیووە گشتێتی شیکردنەوە زمانییەکانیان بپارێزێت، کە زۆر بە ئاشکرا لە گریمانەی (ڕێزمانی جیهانی " Universal Grammar")[٧]دا بانگەشەی بۆ کراوە. بەڵگەی نادروستی جیاکردنەوەکەیان بۆ دوو بەشەکەی واتای زمانی (واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی) و چۆنیەتی خۆخەریکردنیان تەنها بە شیکردنەوەی واتای زمانییەوە دەتوانرێت بۆ ئەم کەموکورتییە شرۆڤەییانە بگەڕێنرێتەوە، کە سیمانتیکی شێوازبەندانە چ وەك تیۆری چ وەك تەکنیکی شیکاری ناتونێت بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەی زانستی بۆ ڕوودانیان لە زمانی مرۆڤدا بخاتەڕوو.

بە پێی شرۆڤەکانی تیۆری سیمانتیکی شێوازبەندانە بێت، وشە کرۆکی سیمانتیکی هەیە، کە بریتییە لە لایەنی سەرەکی واتای وشە، کە خۆی لە (نیشانە واتاییەکان)ی ئەو وشەیەدا دەبینێتەوە و دەبێت لە نیشانە ناسەرەکییەکانی وشە (وەك بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا) جیابکرێتەوە. بە پێی ئەم ئاڕاستەیەی شرۆڤەی واتای وشە لە زماندا قسەپێکەرانی زمان ڕاستەوخۆ توشی گرفتی تێنەگەیشتنی کلتوری دەبنەوە و ناڕاستەوخۆش ناگشتێتی شیکردنەوە واتاییەکانی زمان لە زمانەوانیدا دەسەلمێنێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە بۆ زۆربەی توێژەرانی بواری واتاسازیی ئاشکراو و دیارە، کە واتای وشە ئاماژە بە (بونەوەر، شت "بەرجەستە یان نابەرجەستە") لە دەرەوەی زماندا دەدات، بەڵام کاتێك ئەم وشەیە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، ئەوا تەنها ئاماژە نادات بە (بونەوەر، شت "بەرجەستە یان نابەرجەستە")ەکە، بەڵکو ڕاستەوخۆش دەبەسترێتەوە بەو چوارچێوەیەی لێوەی هاتووە، کە ئەویش چەمکەکەیەتی. هەربۆیە دانانی (نیشانە واتاییە سەرەکییەکانی وشە) بە واتای سەرەکی وشەکە و پشتگوێخستنی ئەو چوارچێوەیەی وشەکەی لێوە هاتووە (کە لێرەدا مەبەست لە چەمکی وشەکەیە، کە وشەکە ئاماژەی بە لایەنێکی کردووە) بۆ خۆی دەبێتە هۆی دابڕینی واتای وشەکە و چەمکی وشەکە. واتە دابڕاندنی واتای وشەکە لە نیشانە واتاییە ناسەرەکییەکانی لە خۆیدا دابڕاندنی واتای وشەکەیە لە چەمکەکە، چونکە چەمکەکە بەشێکی بریتییە لە لەو لایەنەی وشەکە ئاماژەی بۆ کردووە بەشێکی زۆری تریشی بریتییە لەو واتایەی لەو ژینگەیەدا مرۆڤەکان بونیادیان ناوە و کاریانپێکردووە و ڕاستەوخۆ لە نیشانە واتاییەکانی وشەکەشدا ڕەنگی نەداتەوە. ئەم جیاکردنەوەیەش هەڵەیەکی زانستی کوشندەیە. لەمبارەیەوە ڕەنگە وشە هاوواتاکان باشترین نموونە بن لە زمانەکەماندا، چونکە بە پێی تیۆری (نیشانە واتاییەکان) بێت، دەبێت ئەم وشە هاوواتایانە ئاماژە بۆ هەمان (بونەوەر، شت "بەرجەستە یان نابەرجەستە") لە دەرەوەی زماندا بکەن. بێگومان ئەم بۆچوونەش تەواو ڕاست نییە، چونکە ئەو چەمکانەی بە هۆی ئەم وشە هاوواتاییانەوە ئامادەییان دەبێت کەمتر ڕەنگدانەوەیان لە نیشانە واتاییەکانی وشەکاندا هەیە و زیاتر پەیوەستە بە نۆرمی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیەی زمانەکەی داهێناوە و بەکاریهێناوە و بەکاریدەهێنێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە وشە هاوواتاکانی خوارەوە بڕوانین:

---

[٧] ئەم گریمانەیەی قوتابخانەکە دەبینرێتەوە لە:

a/ McGlvray, J. (2007: 8-13)     b/Chomsky, N. (2006:106-113)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

(٣) ا- زگورد ⟵ ڕەبەن[٨]

ب- سەتڵ ⟵ گۆزە

بە پێی تیۆرییە شیکارییەکانی سیمانتیکی شێوازبەند نیشانە واتاییەکانی وشە هاوواتاکانی (١٣) زیاتر بریتین لە:

+ مرۆڤ
+ هەراش
+ نێر
_ ژندار

بە پێی ئەم نیشانە بێت هەردوو وشەی هاوواتای (٣ ا) هەمان کرۆکە واتای سیمانتیکیان هەیە، کە مەبەست لێی ئاماژەدانە بە (نێرێکی هەراشی بێ ژن)، بەڵام ئەو چەمکەی بە هۆی وشەکانی (٣ ا)ەوە ئامادەییان دەبێت زیاتر پەیوەستە بە کلتوری زمانی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیەی وشەکەی تێدا بەکاردێت لە ڕوانگەی گرنگیدانیان بە (توخم، تەمەن، جیاوازی جێندەریی، ئاین ....هتد). ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە ڕاستە لەڕووی سیمانتیکییەوە کرۆکە واتای هەردوو وشەی (٣ ا) بەرانبەر یەك بونەوەری بەرجەستەیە لە دەرەوەی زماندا (کە نێرێکی هەراشی بێ ژنە)، بەڵام لە زمانی کوردیدا دوو وشە هاوواتاکە هەریەکەیان وێڕای ئاماژەدان بەو بونەوەرە بەرجەستەیە، لە پشت ئەم ئاماژەدانەوە دەرخەری لایەنێکی تێگەیشتنی چەمکییانەی مرۆڤی کوردن لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی وشەی (زگورد) زیاتر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاماژە بەو بونەوەرە دەکات (نێرێکی هەراشی بێ ژن) و بارە خێزانییەکەی جۆرە ناچارییەکی تێدایە، کە هێشتا نەیتوانیووە بەرانبەرەکەی بدۆزێتەوە و ئەو بارە خێزانییەی بگۆڕێت. هەربۆیە چەمکە دەرخراوەکە لە ڕێگەی ئەم وشەیەوە لە خۆیدا ئاماژەدانێکی دەروونیشی تێدایە بەوەی، کە ئەو نێرە هێشتا نەگەیشتۆتە باری جێگیریی دەروونی بۆ بڕیاردان لە سەر گۆڕینی باری خێزانییەکەی. لەمبارەشدا ناچارییەکە کاڵ دەبێتەوە و بارە خێزانییەکەی پەیوەست دەبێت بە بارە دەروونییەکەیەوە. هەربۆیە لەمبارەدا تێڕوانینی کۆمەڵیش لە باری سۆزداریی بۆ ئەمجۆرە تاکە دەگۆڕێت بۆ ئامۆژگاری، تەنانەت لە هەندێك باریشدا دەگاتە ئاستی تانەگرتن بە هۆی نەگەیشتنی بە ئاستی جێگیریی دەروونی بۆ بڕیاردان لە سەر گۆڕینی باری خێزانی تاکەکە. هەرچی وشەی (ڕەبەن)یشە زیاتر لەڕووی ئاینییەوە بونەوەرە ئاماژەپێدراوەکە دەخاتەڕوو، چونکە لەمبارەدا تاکە ڕەبەنەکە دەشێت بارە خێزانییەکەی زیاتر بە ویست و سەرپشکییانە و هەڵبژاردنی خۆی بێت و زیاتر پەیوەست

[٨] بۆ تێگەیشتن لە جیاوازی چەمکە خراوەڕووەکە بە پێی زمانی نەتەوە جیاوازەکان، بڕوانە:
Evans,V. and Green,M. (2006:2010)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بێت بە بیر و بۆچوونی ئاینی و مەزهەبی تایبەت بە تاكەكە و خۆی بۆ حۆی ئەو بارە خێزانییەی هەڵبژاردبێت.

گەر بمانەوێت ئەم ڕاستییە زمانییەی زمانەكە ئاشكراتر بخرێتەڕوو، دەتوانرێت دوو وشەی هاوواتای (٣ ا) بە دوو وشەی (٤ا و ٤ب) بەراورد بكەین:

(٤) ا- بێوەپیاو

ب- سەڵت

بە بەراوركردنی وشەكانی (٣ ا) و وشەی (٤ ا) بۆماندەردەكەوێت، كە (٤ ا) هەر هەمان نیشانەی واتایی وشەكانی (٣ ا)ی بۆ دەبێت و بەو پێیەش هاوواتان، بەڵام ئاماژەدانی وشەی (٤ ا) بە بونەوەری بەرجەستەی (نێرێكی هەراشی بێ ژن) و ئامادەیی چەمكی پشت وشەكە تەواو لە وشەكانی (١٣) جیاوازە ، چونكە (٤ ا)دا كۆمەڵ بە شێوەیەكی ئەنالۆژییانە و پەیوەست بە پێوانەكانی داڕشتەی وشەی (بێوەژن) ئەم وشەیەی دروستكردووە بۆ ئاماژەدان بە هەمان بونەوەر، كە خاوەنی هەمان نیشانەی واتایی وشەكانی (١٣)ە، چونكە لێرەدا كۆمەڵ لەیەككاتدا دوو چوارچێوەی واتایی تەواو جیاواز بەم وشەیە دەهێنێتە هزر، كە یەكەمیان بریتییە لە ئاماژەدان بە لایەنی تەمەنی بونەوەری (نێرە هەراشە بێ ژنەكە) و تانەگرتنی كۆمەڵ لە هەڵچوونی تەمەنی مرۆڤەكە و نەتوانینی مرۆڤەكە لە جێگیركردنی باری خێزانیەكەی و ژن نەهێنانیەتی. بۆیە كۆمەڵ دەیەوێت ئەنالۆژییانە ئەمجۆرە تاكانە لە چەمكدا یەكسان بكات بە مێنییەكی شوكوردووی بێ مێرد، كە وشەی (بێوەژن)ی بۆ دانراوە. كەواتە نموونەی (١٤) جگە لەوەی وەك وشەكانی (١٣) ئاماژە بە بونەوەرێكی (نێرێكی هەراشی بێ ژن) دەدات، لەهەمانكاتیشدا ویستییەتی ئەو لایەنەی چەمكەكە بخاتەڕوو، كە ئەو تاكە نەك هەر (نێرێكی هەراشی بێ ژنە)، بەڵكو هەراشییەكەشی سەریكردووە و قۆناغی ئاسایی ژنهێنانی تێپەڕكردووە، بۆیە زۆر بە زوویی دەبێت ئاگاداری بارە خێزانییەكەی بێت. چوارچێوەی واتایی دووەمی وشەی (١٤) زیاتر مەبەست لێی هەمبەركردنیەتی بە باری خێزانی (نێرێكی هەراشی ژنداری بێ ژن). لەمبارەدا بونەوەرە ئاماژە بۆكراوەكە هەر هەمان نیشانەی واتایی وشەكانی (١٣) هەیە، بەڵام ئەو چەمكەی وشەكە ئاماژەی پێدەدات بریتییە لەوەی، كە ئەم تاكە پێشتر ژندار بووە و ئێستا بە هەر هۆكارێك بێت بارەكەی گۆڕدراوە بۆ بێ ژنی. دیارە ئەمجۆرە لێكدانەوەیەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە كلتور و دابونەرێتی ئەو كۆمەڵەیەی وشەكەی تێدا بەكاردێت، هەربۆیە دەشێت وشەكانی (١٣) تاڕادەیەك گشتێتی بگەیەنن و لە زمانی نەتەوەكانی تریشدا وابێت، بەڵام وشەی (١٤) بە تەواوی پەیوەستە بە كلتوری كۆمەڵی كوردەواری و دەربڕی چەمكێكی كوردانەی ڕەسەنە.

بەمشێوەیە بە بەراوردكرنی وشەكانی (١٣) و (١٤) بە وشەی (٤ب) ئەو ڕاستییەی سەرەوە زیاتر جەختی لە سەر دەكرێتەوە، چونكە ڕاستە وشەی (٤ب)یش وەك وشەكانی (١٣) و (١٤) هەر هەمان ئاماژەدانە بە (بونەوەرێكی هەراشی تاك)، بەڵام لێرەدا وشەكە وێڕای ئەم ئاماژەیە باری تێڕوانینی توخمییانەی كۆمەڵیش بۆ چەمكەكە دەخاتەڕوو، چونكە دەشێت لە باری وشەی (٤ب)دا توخم (نێر) یان (مێ) بێت.

هەر لەم ڕوانگە دركپێكردنانەوە، ئێستا گەر لە وشە هاوواتاكانی (٣ب) وردببینەوە، دەبینین هەردوو وشەكە (گۆزە و سەتڵ)یەك كرۆكە واتای سیمانتیكیان هەیە و خاوەنی ئەم نیشانە واتاییە سەرەكییانەن:



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

+ دەفر
+ قوڵیی
+ دەسکداریی +

بەم پێیە بێت کرۆکە واتای وشەکانی (٣ب) زیاتر ئاماژەدانە بە شتێکی بەرجەستە، کە (دەفرێکی قوڵی دەسکدارە)، بەڵام ئەم ڕاستییەی هەمبەربوون لە یەکەم ڕوانین لە وێنەی دوو شتە بەرجەستەکە (دەفری قوڵی دەسکدار)ەکە لەنگ دەبێت و ڕاستی بوونی دوو لایەنی جیاوازی هەمان چەمك لە وشەکانی (٣ب)دا دەردەکەوێت، با بڕوانینە وێنەکانی (١) و (٢):



وێنەی (١)

سەتڵ



وێنەی (٢)

گۆزە

خودی جیاوازی وێنەکان ڕاستی ناهاوواتایی وشەکانی (٣ب) لە ئاماژەدان بە (دەفری قوڵی دەسکدار)دەردەخات، چونکە گەرچی تەواو دروستە، کە هەردوو وێنەی (١ و ٢) هەمان نیشانەی واتاییان هەیە وەك لە وێنەکاندا دیارە، بەڵام وشەکانی (٣ب) وێڕای ئاماژەدان بە تەنە بەرجەستەکە (واتە دەفری قوڵی دەسکدار)، هەریەکەیان لایەنێکی چەمکی ئاماژە بۆکراو بە پێی کلتوری کۆمەڵی کوردەواری دەخەنەڕوو. ئەمەش بەوەی، گەر هەردوکیشیان بۆ هەمان مەبەست بەکاربێت، کە هەڵگرتن و تێکردنی کەرەستەیە تێیاندا، بەڵام هێشتا وردەکاری دروستکردنیان و وردەکاری بەکارهێنانیان و کات و ژینگەی بەکارهێنانیان تەواو لە یەکتر جودایە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە چەمکی خراوەڕوو لە وشەی (سەتڵ)دا زیاتر ئەو دەفرە قوڵە دەسکدارەیە، کە لە ماددەی تەنەکە یان ئاسن یان نایلۆن دروستدەکرێت و لە کات و ژینگەی نوێدا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت، بەڵام چەمکی خراوەڕوو لە وشەی (گۆزە)دا زیاتر ئەو دەفرە قوڵە دەسکدارەیە، کە لە ماددەی قوڕ دروستکراوە و لە کات و ژینگەی کۆن و نوێدا بە ڕادەی جیاواز بەکارهاتووە و بەکاردێت، بە شێوەیەك ئەگەر لە کۆندا (گۆزە) ئەرکی (سەتڵ)ی جێبەجێکردبێت لە کلتوری کوردەواریدا، ئەوا لە ئێستادا ئەرکێکی نۆستالۆژیی جێبەجێدەکات، وێڕای ئەرکە سەرەکییەکەی خۆشی.

شیکردنەوەی نموونەکان بە پێی تیۆری (نیشانە واتاییەکان)ی سیمانتیکی شێوازبەندانە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی نیشانەی واتایی سەرەکی و ناسەرەکی بڕیار لە سەر لادان و وەدەرنانی جۆرێکی تایبەتی زانیاری لە کرۆکە واتایی وشەیەك دراوە، گەرچی زانیارییەکانیش پەیوەست بە کلتوری



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆمەڵەوە زۆر گرنگ بوبێت. ئەمە وێڕای ئەوەی گریمانەی بەکارهاتووی سیمانتیکی شێوازبەندانە نەیتوانیووە ئەو بنەمایە دیاری بکات، کە ئەم بڕیارەی لە سەر دراوە، واتە لە سەر چ بنەمایەك بڕیار دراوە، کەوا کام پارچەی زانیاری وشەیەك کرۆکە واتای سەرەکی یان ناسەرەکییە تا ببێتە کرۆکە واتایی سیمانتیکی وشەکە و وشەکانیان پێ بناسرێتەوە وەك لە ڕیزبەندی نیشانە واتاییەکانی وشەکانی نموونەی (١٣ و ٣ب، ١٤ و ٤ب)دا خرایەڕوو و بشکرێتە بنەمایەك بۆ بڕیاردان لە پەیوەندی واتایی هاوواتایی!

ئالۆزییەکی تری شرۆڤە زمانەوانییەکانی سیمانتیکی شێوازبەندانە زیاتر هەوڵدانی بووە بۆ شیتەڵکردن و ڕاڤەکردنی پەیوەندی و پەیوەستداری واتای وشەکان (چ لە فەرهەنگدا چ لە بەکارهێناندا) لە ڕێگەی خودی پەیوەندییە واتاییەکانی وەك (هاوواتا و دژواتا و فرەواتا و مێتۆنیمی و مێرۆنیمی و ...هتد)ەوە بخرێتەڕوو بە بێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری بەکارهێنان. لە ڕاستیدا بە دید نەگرتنی دەوروبەری بەکارهێنان لە شرۆڤە زمانەوانییەکاندا زۆر بە توندی لە لایەن زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە نەك هەر ڕەتکرایەوە، بگرە (چارلیس فیلمۆر و ڕۆنالد لانگەکەر) دوو تیۆری تایبەتیان لە زانستی زمانی درکپێکردندا بە ناوەکانی (سیمانتیکی چوارچێوەیی "Frame Semantics ") و (تیۆری مەودا "The Theory of Domains") خستەڕوو بۆ هەژمارکردنی گرنگی لایەنی (دەوروبەری بەکارهێنان) لە شرۆڤە واتای زمانیدا. هەر لەم ڕوانگەیەوە (فیلمۆر و لانگەکەر) پێیانوایە، کە: (( وشەکان، تەنانەت بونیادە ڕێزمانییەکانیش ڕێژەییانە بە (سیمانتیکی چوارچێوەیی و مەودا)کانەوە پەیوەستن. هەربۆیە واتای پەیوەست بە وشەیەکی دیاریکراوەوە یان پەیوەست بە بونیادێکی ڕێزمانی دیاریکراوەوە ناتوانرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە سیمانتیکی چوارچێوەیی تێی بگەین.))[٩]. بەمشێوەیە ڕەچاونەکردنی پاشخانی کۆزانیاری لە سیمانتیکی شێوازبەندانەدا گرفتێکی شێلگیرانەی شرۆڤە واتاییەکانیان بووە. ڕەنگە تێنەگەیشتنی قسەپێکەری ئاسایی زمانی کوردی لە واتا و پەیوەندی واتایی (وشە پیشەیی و وشە زانستییەکان) نزیکترین بەڵگە بێت بۆ ئەم ڕاستییە زمانەوانییە، با لە نموونەکان ڕابمێنین:

(٥) ئەو زەویەی کڕیوتانە [ دێمییە] یان [بەراو]؟

(٦) سەدجارم پێگوتی [شەربەتاو] نابێت وا توند بێت.

(٧) [ لە نانۆسینتاکسدا] [ ئەتۆمە فەرهەنگییەکان] بنەمای داڕشتە سینتاکسییەکانن.

گەر لە وشە و فرێزی ناو کەوانە شکاوەکانی هەرسێ ڕستەی (٥ و ٦ و ٧) وردببینەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ تێدەگەین، کە گوێگر/ خوێنەر زەحمەتە بگاتە ئاستی تێگەیشتن هەم لە واتای وشەکان و هەم لە بونیادە ڕێزمانییەکانیش. بێگومان ئەمەش بە هۆی ڕەچاونەکردنی پاشخانی کۆزانیاری گوێگر/خوێنەری لە لایەن دەربڕی ڕستەکانی سەرەوە، چونکە ئاشکرایە گوێگر تەنها کاتێك لە ڕستەی (٥) تێدەگات، کە پاشخانی کۆزانیاری لە سەر پیشەی جوتیاری لە کوردستاندا هەبێت. تەنها کاتێکیش لە واتای ڕستەی (٦) تێدەگات، کە پاشخانی کۆزانیاری لە پیشەی

[9] Evans,V. and Green, M. (2006: 210-211).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و دڕێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کرێکاریی هەبێت. تەنها کاتێکیش لە واتای ڕستەی (٧) تێدەگات، کە پاشخانی کۆزانیاری زانستییانەی لە سەر زمانەوانی (بە تایبەتی وەشانە جیاوازەکانی گریمانە سینتاکسییەکان) هەبێت[١٠].

لە ڕاستیدا هەوڵە بەردەوامەکانی سیمانتیکی شێوازبەند بۆ شرۆڤەکردنی توانستی زمانی و خۆ بەدوور گرتنی لە بەگرنگ زانینی توانای زمانی یان بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەرێکی دیاریکراوی بەکارهێناندا، کە دواتر کرایە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی سیمانتیك و پراگماتیك سپاردنی شیکردنەوەی واتای بەکارهێنانی زمان تەنها بە پراگماتیك و دانانی پراگماتیك بە زانستێکی یارمەتیدەر لە زانستی زماندا بووە هۆی ئەوەی، کە نەتوانرێت شیکردنەوەی زمانەوانییانە بۆ ئەو دەربڕاوانە بکرێت، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە سەرچاوەکەیانەوە لە دەوروبەری بەکارهێنانی زمانیدا پەیوەستن. هەر لەم ڕوانگەیەوە (Saeed2003 and Levinson 1983) زۆر بە ئاشکرا ئاماژەیان بە چەندین نموونەی زمانی کردووە، کە نە تەنها بە سیمانتیك و نە تەنها بە پراگماتیك ناتوانرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، بەڵکو تەنها و تەنها بە هەردوو زانستەکە و بە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان سیمانتیك و پراگماتیك دەتوانرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت[١١].

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم گرفتە، هەروەك (Saeed 2003) پێشنیازی کردووە زۆر گرانە، کە بێ شارەزایی بوون لە واتای دەوروبەر و واتای بەکارهێنان، واتای فەرهەنگی وشەی ناو کەوانە شکاوەکانی ڕستەکانی خوارەوە تێبگەین[١٢]:

(٨) خێرا [ بیهێنە].

(٩) هەر زوو [ بیبە].

(١٠) [ لێرە] دەبم تا [ کاتژمێرێکی تر].

(١١) [ ئێستا ] دەگەڕێمەوە.

بە وردبوونەوە لە وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکانی ناو ڕستەکانی (٨و ٩و ١٠ و ١١) تێدەگەین، کە نەك هەر بە تەنها ناتوانین لە واتای وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکان تێبگەین وەك یەکەیەکی سیمانتیکی، بەڵکو بنەمای تێگەیشتنیان دەوروبەری بەکارهێنانیانە، واتە لە باری ئەم نموونانەدا نەك واتای فەرهەنگی واتای دەوروبەرمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، بگرە واتای دەوروبەری بەکارهێنان/ واتای پراگماتیکی بنەمایە بۆ واتای سیمانتیکی ئەم وشانە.

ئەمە وێڕای ئەوەی جیاکردنەوە و دابڕاندنی سیمانتیك لە پراگماتیك گرانییەکی زۆر بۆ تێگەیشتنی نێوان قسەکەر و گوێگر دروستدەکات، بە تایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی ئەو وشە و ڕستانەی، کە تەنها دەتوانرێت بە هەر دوو زانستەکە (سیمانتیك و پراگماتیك) شیکردنەوەیان بۆ بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە نموونەکان بەڵگەیەکی

---

[١٠] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر وەشانی نانۆسینتاکس و چییەتی و چۆنیەتی تێگەیشتن لە ئەتۆمی فەرهەنگی و چۆنیەتی نواندنی لە بونیادی سینتاکسیدا و بنەمایی ئەم یەکەیە بۆ یەکەی فۆنێم، بڕوانە: Kenneth,H. and Keyser, S., J. (1993:53-109)

[١١] بە مەبەستی ئاشنا بوون بە شرۆڤەی ئەو جۆرە نموونانەی زمان و ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە زمانییەی زمانی ئینگلیزی، بڕوانە:
a/ Aseed,J., I. (2003:59-63) b/ Levinson (1983:53-56)

[١٢] بۆ شارەزایی زیاتر لە سەر ئەم بۆچوونەی Saeed2003 و هەوڵی شیکردنەوەی ئەم کەرەستانە لە زمانی کوردیدا بە پێی بنەماکانی پراگماتیك، بڕوانە: ا- هۆگر مەحموود فەرەج (١٤١:٢٠٠١-١٦٥) ب- Saeed, J., I. (2003:60-63)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕوونن بۆ ئەو بیرۆکەیەی زانستی زمانی درکپێکردن، کە پێیوایە جیاکردنەوەی سیمانتیك و پراگماتیك جیاکردنەوەیەکی دروستکراوی دەستکردە و واتای زمانی سنوردار دەکات، بۆ ڕاستێتی زیاتر با لە چەمکی ڕستەکان ڕابمێنین:

(١٢) بە خوا [ مرۆڤێکی] [ حەیوانە]!

(١٣) [ تەماشای] ئەو کچەی [ دواوەت بکە]، بەڵام [ ئاوڕمەدەرەوە]!

(١٤) کچێ [ بە بێدەنگی] [ قسەی لەگەڵ بکە]!

(١٥) [ هەمان قیاسم] بۆ بێنە، بەڵام [ کەمێك گەورەتر]!

(١٦) بە خوا [ شتێکی] ] عاقڵە]!

گەر لە نموونەکانی سەرەوە وردببینەوە، دەبینین، کە سیمانتیکی شێوازبەند و وەشانە تیۆرییە جۆر بە جۆرەکانی و بە تایبەتی هەردوو تیۆری (نیشانە واتاییەکان) و (مەرجی ڕاستەڤینەی سیمانتیکی" Truth Conditional Semantics")[١٣] زەحمەتە بتوانن شرۆڤەی واتایی بۆ پەیوەندی واتایی وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکانی ڕستەکانی (١٢ و ١٣ و ١٤ و ١٥ و ١٦) بکەن، چونکە جگە لەوەی نیشانە واتاییەکانی وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکان لە هەر ڕستەیەکیاندا وەك دوو وشەی واتادار، کە واتاکانیان پەیوەندیدار بن دژ و پێچەوانەوە دەوەستنەوە، لە هەمانکاتیشدا (نیشانە واتاییەکان)ی پەیوەندی نێوان وشەکانی (مرۆڤ و حەیوان) لە ڕستەی (١٢)دا و وشەکانی (تەماشاکردن و ئاوڕدانەوە) لە ڕستەی (١٣)دا و وشەکانی (بێدەنگبوون و قسەکردن) لە ڕستەی (١٤)دا و وشەکانی (هەمان قیاس و کەمێك گەورەتر) لە ڕستەی (١٥)دا و وشەکانی (شێت و عاقڵ) لە ڕستەی (١٦)دا تا ڕادەیەکی زۆر دژ و پێچەوانەن. بۆیە دەبێت ناپەیوەندیدار بن نەك پەیوەندیدار بن.

بە هەمانشێوە تیۆری (مەرجی ڕاستەڤینەی سیمانتیکی) تەواو پێچەوانە لەگەڵ شرۆڤە نێواندژە واتادارەکانی ڕستەکانی (١٢ و ١٣ و ١٤ و ١٥ و ١٦) دەوەستێتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی بە پێی تیۆریی (مەرجی ڕاستەڤینەی سیمانتیکی) لە ڕستەی (١٢)دا تەنها کاتێك واتای (مرۆڤ) ڕاستە، کە لە بوندا بە ڕاستی مرۆڤ بێت نەك (حەیوان)، هەروەها لە ڕستەی (١٣)دا تەنها کاتێك واتای (تەماشاکردن) ڕاستە، کە لە بوندا ڕوانین و ئاوڕدانەوە بە ڕاستی ڕوبدات نەك ڕوونەدات و ئاوڕنەداتەوە، هەروەها لە ڕستەی (١٤)دا مەرجی تێگەیشتن لە واتای (قسەکردن) تەنها کاتێك ڕوودەدات، کە لە بوندا (بە دەنگەوە) قسەبکرێت نەك بە بێدەنگی، هەروەها لە ڕستەی (١٥)یشدا تەنها مەرجێك بۆ ڕاستی واتای (هەمان قیاس) بونی (هەر هەمان قیاسە) نەك کەمتر یان گەورەتر لە بوندا، هەروەها لە ڕستەی (١٦)یشدا تەنها مەرجێك بۆ ڕاستی واتای وشەی (شێتی) بونی شێتبوونی مرۆڤەکەیە لە حەقیقەتدا نەك (عاقڵێتی). کەواتە سەرجەمی ڕستەکان پێوانەکانی (مەرجی ڕاستەڤینەی سیمانتیکی)یان بریندارکردووە و دەبێت بێ واتا بن، کە تەواو بە پێچەوانەوەیە.

[١٣] دەکرێت زانیاری زانستانە لە سەر خودی هەردوو تیۆرییەکە دەبینرێتەوە لە:
a/ Jeffries,L. (2006:165) b/ Heim, I. and Kratzer, A. (2000:2-10)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە هەمانشێوەی شیكارییانەی سیمانتیكی شێوازبەندانە، گەر لە ڕوانگەی هەرسێ بنەما سەرەكییەكەی پراگماتیكەوە (بەخشكەیی دەربڕین"Implicature" و گریمانەی پێشەكەیی"Presuppositions" و گرتنەوە"Entailment")[١٤]ەوە شرۆڤەی پراگماتیكییانە بۆ پەیوەندی واتایی وشەكانی ناو كەوانە شكاوەكانی ڕستەكانی (١٢ و ١٣ و ١٤ و ١٥ و ١٦) بكەین، ئەوا گرانە بگەینە قۆناغی تێگەیشتن، چونكە لە بنەڕەتدا نموونەكان لەمجۆرە شرۆڤەیاندا لە واتای فەرهەنگیان دابڕیندراون و دەویسترێت تەنها لە ڕوانگەی واتای بەكارهێنانەوە شیكردنەوەیان بۆ بكرێت، كە ئەمەش كارێكی ئەستەم دەبێت.

كەواتە ڕێگە و ڕێبازی گشتگیر و زانستی، كە بتوانێت زمان و ئەمجۆرە ڕستانە و هاوشێوەكانیان شیبكاتەوە، تێڕوانینە سیمانتیكییەكانی (سیمانتیكی دركپێكردن "Cognitive Semantics")ی (زانستی زمانی دركپێكردن "Cognitive Linguistics")ە، كە پێیوایە (واتای فەرهەنگی و واتای نافەرهەنگی) پێكەوە لە دوو توێی (سیمانتیكی ئینسكلۆپیدی " Encyclopedic Semantics") ڕەوانانە شرۆڤە دەكرێن (كە ئەمەش چنراوی سەرەكی تەوەرەی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە دەبێت).

## تەوەرەی دووەم : داڕشتەی چەمك لە بۆتەی سیمانتیكی ئینسكلۆپیدیدا :

داڕشتەی واتای زمانی بە پێی تێڕوانینی سیمانتیكی دركپێكردن زیاتر سروشتێكی ئینسكلۆپیدی هەیە. لەم ئینسكلۆپیدییە واتاییەشدا، واتای زمان داڕشتەیەكی ڕێكخراوی هەیە و پەیوەستە بە داڕشتەی چەمكەكانەوە. بەمشێوەیە ئەگەر (سیمانتیكی چاولێكەرانە و سیمانتیكی شێوازبەندانە) مۆدێلی كۆزانیاری واتای زمانی بێگەردییان داڕشتبێت[١٥]، ئەوا (سیمانتیكی دركپێكردن) زیاتر هەوڵدەدات مۆدێلی دركپێكردنی چەمك (واتە واتای زمانی و نازمانی)، كە دەكەوێتە ژێر واتای زمانی بێگەردەوە، دابڕێژێت. لەم ڕوانگەیەوە (سیمانتیكی دركپێكردن) لە پانتاییەكی فراوانتردا لە واتا دەكۆڵێتەوە و پەیوەستی دەكات بە (پەیوەندی دركپێكردن "Cognitive Commitment")[١٦]ەوە هەوڵدەدات (واتای زمانی و زاتای نازمانی) وەك گشتێكی لەیەك دانەبڕاو شرۆڤە بكەن و بە هۆیەوە داڕشتەی چەمكی پێ بخەنەڕوو. هەم بۆ سەلماندنی لەیەك دانەبڕاوی (واتای زمان و نازمانی) و هەم بۆ شرۆڤەكردنی (داڕشتەی چەمك لە زمانی كوردیدا)، لەم لێكۆڵینەویەدا زیاتر پەیڕەوی گریمانەكانی (Vyvyan Evans and Melanie Green 2006)[١٧] دەكەین. لێرەوە لێكۆڵینەوەكە هەوڵدەدات بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەكانی سەلماندنی لەیەك دانەبڕوای (واتای زمانی و نازمانی) و چۆنیەتی داڕشتنی خودی چەمك لە ئاوەزی قسەپێكەری زمانی كوردیدا (واتە داڕشتەی چەمك) شرۆڤە بكات و بخاتەڕوو، كە زیاتر ئەمانەن:

---

[١٤] بۆ تێگەیشتن لە خودی پراگماتیك و سێ بنەما سەرەكیەكەی پراگماتیك لە شیكردنەوەی واتای زمانی دەوروبەریدا، وردببەوە لە: Mey, L., J. (2009:365; 677;759)

[١٥] وردەكاری بۆچوونەكانی ئەم دوو قوتابخانەیەی واتا دەبینرێتەوە لە تەوەرەی یەكەمی ئەم لێكۆڵینەوە، لاپەڕە (12-3)

[١٦] بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە: Evans, V. (2007:18-21)

[١٧] بۆ تێگەیشتن لە سەر لێكۆڵینەوەكانی ئەم جۆرە گریمانانە لە زمانی ئینگلیزیدا، بڕوانە: Evans,V. and Green, M. (2006: 216-240).



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەکەم// هیچ بنەمایەکی جیاکاری لە نێوان (واتای زمانی/سیمانتیك) و (واتای نازمانی/ پراگماتیك)دا نییە :**

بە پێی ئەم تێڕوانینە کۆزانیاری دەربارەی ئەوەی وشە چی دەگەیەنێت (واتە کۆزانایری سیمانتیکی) لەگەڵ کۆزانیاری دەربارەی ئەوەی وشە چۆن بەکاردێت (واتە کۆزانیاری پراگماتیکی) هەردوکییان دوو جۆری کۆزانیاری سیمانتیکین. بەمشێوەیە (سیمانتیکی درکپێکردن) جیاوازییەکی توند لە نێوان ئەم دوو جۆرە کۆزانیارییەدا دروست ناکەن و پێیانوایە، کە کرۆکە واتای وشە (کۆزانیاری سیمانتیکی) و واتای پراگماتیکی و کۆمەڵایەتی و کلتوری لەیەك دانەبڕاو نین و جیا نین. لەم ڕوانگەیەوە هەروەك چۆن ئاڵۆزە پەیوەندی نێوان (فەرهەنگ - ڕێزمان)[١٨] لە زماندا جیابکەینەوە بە تەواوەتی، هەمان بۆچوونیش بۆ (سیمانتیك و پراگماتیك) دروستە، واتە (سیمانتیکی درکپێکردن) نکۆڵی لە بونی (واتای نازمانی/ پراگماتیك) ناکات، بەڵکو نکۆڵی لە جیاکاری توندی لەگەڵ (واتای زمانی/سیمانتیك) دەکات و پێیوایە، کە هەردووکیان دوو جۆری واتای سیمانتیکین. ئەم ڕاستییەش لەوەوە هاتووە، کە خودی (واتای زمانی/سیمانتیك) نواندنی ئەبستراکتانەی (واتای نازمانی/ پراگماتیکییە)، واتە کاتێك مرۆڤ شارەزایی لە واتای نازمانی/ پراگماتیکی دەربڕاوێکدا پەیدا دەکات، تەنها ئەوساکە دەتوانێت لە ئاوەزیدا نمایندەیەکی هەڵبگرێت و دابکات، کە ئەویش بۆ خۆی دەبێتە (واتای زمانی/سیمانتیکی) دەربڕاوەکە. بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت، کە واتای سیمانتیکی وشەیەك یەکەیەکی زمانی داکراوە بۆ نواندنی ئاوەزییانەی چەمکی لێکسیمێك (کە مەبەست لە چەمکەکەش کۆزانیاری پراگماتیکی و کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەو وشەیە). بەمەش واتای سیمانتیکی وشە تەنها (ئەسکەلە"Schema")ی چەمکەکەیە. کەواتە لە بنەڕەتدا دارشتەی سیمانتیکی وشەیەك لە بەکارهێنانی وشەکەوە هاتووە، ئیتر چۆن دەتوانرێت واتای سیمانتیکی وشەکە (کە ئەسکەلە و نواندنی چەمکەکەیە) لە واتای پراگماتیکی (کە واتای بەکارهێنانی وشەکەیە لە کلتور و کۆمەڵەکەدا و پاشخانی چەمکەکەیە) جیا بکەینەوە، بە مەبەستی ساناکردنی شرۆڤە خراوەڕووکان با لە هێڵکاری ژمارە (١)ی لەبریدانراو وردببینەوە:

واتای سیمانتیکی وشە لە بەکارهێنانی وشەکەوە هەڵگویزراوە

بەڵام

بەکارهێنانی وشەکە = واتای پراگماتیکی

کەواتە بە لەبریدانان

واتای سیمانتیکی وشە = واتای پراگماتیکی

**هێڵکاری ژمارە (١)**

[١٨] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەیەکداچوونی ئەم دوو پێکهاتەیەی زمان و شرۆڤەی بەیەکداچوونەکەیان لە هەندێك لە زمانەکاندا، بڕوانە:

ا– محەمەدی مەحوی (٢٠١٠: ١٣١–١٣٥). ب– Contini-Morova, E. and Tobin,Y. (2000: 3-50)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دووەم// كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی خاوەنی داڕشتەیەكی ڕێكخراوە:**

لە شیكردنەوەی ئەم تایبەتییەدا (ڕۆنالد لانگەكەر ١٩٨٧)[١٩] پێیوایە، كە دەكرێت ئەم ڕێكخراوەییەی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی لە ڕێگەی تێگەیشتن لە چەمكی (بەسەنتەربوون "Centrality")ەوە شرۆڤە بكرێت، بە شێوەیەك، كە لە ڕێگەی ئەم چەمكی (بەسەنتەربوونەوە) دەكرێت بڕیار لە سەر ئەوە بدرێت، كە چۆن و بە چ ڕێگەیەك چەند لایەنێكی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی مرۆڤ لە سەر چەمكێك لە چاو لایەنەكانی تری كۆزانیاری مرۆڤ لە سەر هەمان چەمك (دەركەوتووتر) دەبن. هەر بۆ مەبەستی خستنەڕوویی ڕێكخراوەیی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی و جیاكردنەوەی لایەنە دەركەوتووەكانی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی مرۆڤ لە سەر چەمكێك لە چاو لاینەكانی تری كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی هەمان مرۆڤ لە سەر هەمان چەمك، (ڕۆنالد لانگەكەر) كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی كردووە بە چوار جۆر كۆزانیارییەوە، كە پێكەوە تۆڕبەندێكی كۆزانیاری دروستدەكەن. هەر یەكێك لەو چوار جۆرە كۆزانیارییەش بە پێی خۆیان ڕووگەیەكی دەركەوتوویی بە چەمكەكە دەبەخشن و پێكیشەوە دەبنە بنەمای شرۆڤەی ڕێكخراوەیی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی وشەیی (١٧) بڕوانین:

(١٧) ا/ [ كێوی]

ب/ [ برۆكلی]

ئێمەی مرۆڤی كورد ئەوەی دەیزانین دەربارەی وشەیەكی وەك (١٧ ا و ١٧ب)، ڕەنگە زیاتر كۆزانیاریمان لە سەر چەمكی ئەم دوو وشەیە كۆزانیاری بێت دەربارەی (شێوە و ڕەنگ و تام و بۆن)، بەڵام كۆزانیاری لە سەر چۆنیەتی ڕواندن و گەشەكردنی و بەكارهێنانی ئەم دوو وشەیە وەك (میوە یان سەوزە) لە ژەمی سەرەكی یان ناسەرەكی خواردندا بە شێوەیەكی تەواوەتی نەزانین. كەواتە كۆزانیاری (شێوە و ڕەنگ و تام و بۆن)ی ئەم دوو جۆرە خواردنە لای مرۆڤی كورد زیاتر دەركەوتووترە و بە سەنتەربووە وەك لە كۆزانیاری دەربارەی چاندن و ڕواندن و گەشەكردن و بەكارهێنانی وەك (میوە یان سەوزە) لە ژەمی سەرەكی و ناسەرەكی خواردندا.

بەمشێوەیە ئەم چوار جۆرەی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی جگە لەوەی سەلمێنەری ڕێكخراوەیی خودی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدییە، لە هەمانكاتیشدا شرۆڤە كەری هەم بنەماكانی داڕشتەی هەر چەمكێكە (واتە هەموو چەمكێك لەم چوار جۆرەی كۆزانیارەوە دێن) و هەم شیتەڵكردنی لایەنە دیار و گشتییەكانی چەمكێك لە لایەنە نادیار و تایبەتییەكانی هەمان چەمكیشە. جۆرەكانی كۆزانیاری ئینسكلۆپیدیش، كە بنەمای داڕشتەی هەموو چەمكێكن لە زماندا بریتین لە:

١) كۆزانیاری چاولێكەرانە "Conventional Knowledge":

زانیارییەكی كرۆكییە بۆ نواندنی ئاوەزییانەی چەمكی وشەیەك. ئەم زانیارییە كرۆكییەش زانیاری زانراوی چەند باربۆوەیە، كە بەردەوام لە نێوان ئاخێوەرانی زمانێكدا ئاڵوگۆڕ دەكرێن. بەمشێوەیە دەكرێت بگوترێت، كە كۆزانیاری چاولێكەرانە بە هۆی زۆر بەكارهێنانیەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا و لە ناو ئاخێوەرانی زماندا و شارەزایی پەیداكردنی ئاخێوەران لەمجۆرە كۆزانیارییەدا وا لە ئاخێوەران دەكات، كە (ڕێكبكەون) لە سەر ئەوەی چ

[١٩] b/ Langacker, R., W. (1987: 53-94)     a/Langacker, R.,W. (2008:39-50)



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

بەشێکی زانیاری لە سەر شتێکی دیاریکراو بکەنە کۆزانیاری چاولێکەرییانە . بێگومان ئەم (ڕێککەوتنەش) بە هۆی مامەڵەکردنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانەوە لەگەڵ ئەو بەشە زانیارییەی لە سەر شتە دیاریکراوەکەیەوە ڕودەدات، نەك بە هۆی (هەڵبژاردن)ێکی هەڕەمەکییانەی چەند بەشێکی زانیاری لە سەر شتێکی دیاریکراو و کردنی بە بنەمای (ڕێککەوتن)، تا ببێتە کۆزانیاری چاولێکەرییانە لە سەر ئەو شتە دیاریکراوە (جا شتەکە هەر کەرەستەیەکی ماددی یان بیرێکی ئەبستراکت بێت). کەواتە ڕێککەوتنی ئاخێوەران لەوەی چ بەشێکی زانیارییان لە سەر شتێکی دیاریکراو بکەنە کۆزانیاری چاولێکەرییانە لە سەر ئەو شتە لە سەر بنەمای شتەکە دەبێت، نەك لە سەر بنەمای (هەڵبژاردن)ی هەڕەمەکییانەی چەند بەشێکی زانیاری لە سەر شتێك لە ناو هەموو زانیارییەکان لە سەر ئەو شتە و کردنی بە کۆزانیاری چاولێکەرییانە. بۆ نموونە کۆزانیاری چاولێکەرییانەی ئاخێوەری کورد لە زمانی کوردیدا لە سەر کەرەستەیەکی وەك نموونەی (١٧ ا/کێوی) زیاتر بریتییە لەوەی، کە ئەم کەرەستەیە (میوەیە و دوای نانخواردن دەخورێت و هەرگیز یان بە دەگمەن وەك کەرەستەی چێشت لێنان بەکارنایەت). لە بەرانبەردا کۆزانیاری چاولێکەرییانەی مرۆڤی کورد لە زمانی کوردیدا لە سەر کەرەستەیەکی وەك نموونەی وشەیی (١٨) جیاوازە:

(١٨) [ قەیسی]

کۆزانیاری چاولێکەرییانەی مرۆڤی کورد لە سەر نموونەی وشەیی (١٨) زیاتر بریتییە لەوەی، کە (هەم میوەیە و هەم وەك کەرەستەی چێشت لێنانیش/بە تایبەتی بۆ شلە بەکاردێت). بێگومان زانیاری دەربارەی ئەم دوو جۆرە کۆزانیارییە جیاوازە لە سەر ئەم دوو میوە جیاوازە (واتە نموونە وشەیی "١١٧ و ١٨") و کردنیان بە کۆزانیاری چاولێکەرییانە)ی ئەو دوو نموونە وشەییە لە سەر بنەمای (هەڵبژاردن)ی هەڕەمەکییانەی مرۆڤی کوردەوە نەهاتووە لە سەر ئەو دوو کەرەستەیە، بەڵکو لە سەر بنەمای مامەڵکردنی ڕۆژانەی مرۆڤی کوردەوە بووە لەگەڵ دوو کەرەستەکە، کە مامەڵەکردنەکەش شارەزایی پێبەخشیون لە سەریان و وای لە مرۆڤی کورد کردووە (فێری) ئەو دوو جۆرە بەکارهێنانە جیاوازە بۆ ئەو دوو کەرەستە جیاوازە ببێت. هەر بۆیە ئەم (فێربوون)ەشی کردۆتە بنەمای کۆزانیاری چاولێکەرییانە.

٢) کۆزانیاری گشتی "Generic Knowledge":

زیاتر مەبەست لە زانیاری گشتی و ناتایبەتییە لە سەر شتێك، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی زانیاری تایبەتی و ناگشتییە لە سەر شتەکە. ئەم کۆزانیارییەش گشتییەکەی لەوەوە هاتووە، کە بە سەر هەموو کاتیگۆرییەکانی ئەو پۆلەدا دەگونجێت. بۆ نموونە زانیاری ئەوەی (تەماتەی کوردی) خۆشترە و بە تامترە و ڕەنگە گرانتریش بێت بە سەر هەموو ئەو جۆرە تەماتانەدا دەگونحێت، کە (تەماتەی دێمین یان تەماتەی بەراون) و بە شێوەیەکی سروشتی و دوور لە ماددەی کیمیایی بەرهەمدێن. لە ڕاستیدا کۆزانیاری گشتی دەبێت بە کۆزاینارى چاولێکەرییانە. لە هەمانکاتدا و لە هەندێك باری تایبەتدا دەشێت کۆزانیارییەکی تایبەتیش هەر ببێت بە کۆزانیاری چاولێکەرییانە، بە تایبەتی ئەگەر کۆزانیارییە تایبەتەکە (ئەگەرچی کۆزانیارییەکە، تەنها تایبەتە بە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جۆرێكی دیاریكراوی شتێكەوە وەك سەرنجڕاكێشی و بەتامیی زیاتری "تەماتەی سێ سوچی كوردی" لە چاو تەماتە كوردییەكانی تردا) وەك زانیارییەكی باوی لێهات و ئاخێوەران لە ئەنجامی شارەزایی ڕۆژانەییانەوە وەك كۆزانیارییەكی گشتی مامەڵەیان لەگەڵ كرد. پوختەی شیكردنەوەكانیش دەكرێت لە هاوكێشەی شرۆڤەكراوی ژمارە (٢)دا بخرێتەڕوو:

كۆزانیاری گشتی # كۆزانیاری تایبەتی ⟵ وەك (تەماتەی كوردی # تەماتەی كوردی سێ سوچ)

كۆزانیاری گشتی ⟵ كۆزانیاری چاولێكەرانە وەك (بوونی ویست لە سەر تەماتەی كوردی لە چاو جۆرەكانی تری تەماتە)

دەبێت بە

خۆ ئەگەر لە هەندێ باری تایبەتدا:

كۆزانیاری تایبەتی = كۆزانیاری گشتی

ئەوا:

كۆزانیاری تایبەتیش دەبێت بە ⟵ كۆزانیاری چاولێكەرییانە، وەك (تەماتەی كوردی سێ سوچ).

**هێڵكاری ژمارە (٢) "گۆڕانی كۆزانیاری گشتی بۆ كۆزانیاری چاولێكەرییانە"**

٣) كۆزانیاری كرۆكییانە "Intrinsic Knowledge":

زیاتر زانیارییەكی ناوەكی و كرۆكی خودی شتەكەیە وەك زانیاری لە سەر (شێوە، ڕەنگ، تام، بۆن)ی شتەكە. ئەم جۆرەی كۆزانیاری پەیوەندی بە دەرەوەی شتەكە نییە و مرۆڤ لە ئەنجامی مامەڵەكردنی لەگەڵ خودی شتەكەدا فێری دەبێت. بۆ نموونە با لە كۆزانیاری مرۆڤی كورد لە زمانی كوردیدا لە سەر نموونەی وشەیی (١٩) بڕوانین:

(١٩) [ سێو ]

لە ڕاستیدا كۆزانیاری مرۆڤی كورد لە زمانی كوردیدا بۆ نموونەی (١٩) زیاتر لە سەر بنەمای (شێوە و ڕەنگ)ی میوەكەوەیە، كە زیاتر (یان خڕ و سەوزە یان خڕ و زەردە یان خڕ و سوورە). بەڵام بەكارهێنانی هەمان نموونە (سێو) لە لایەن هونەرمەندانی كوردەوە لە بۆنەیەكی كۆمەڵایەتی و كلتووریی دیاریكراودا وەك دیارییەك و نەخشاندنی بە (مێخەك) و دروستكردنی (سێوی مێخەكرێژ) زیاتر (كۆزانیارییەكی ڕووكەشییانە/ناكرۆكییانە "Extrinsic Knowledge")یە و جیاوازە لە كۆزانیاری كرۆكییانە، چونكە هەم (شێوەكەی) و هەم (ڕەنگەكەی) بە هۆی كاریگەری دەرەكییەوە گۆڕدراوە. بەمشێوەیە دەكرێت كۆزانیاری كرۆكییانەش بە هۆی مامەڵەكردنی ڕۆژانەی مرۆڤی كوردەوە لەگەڵ گشتێتی (شێوە و ڕەنگ)ی نموونەی (١٩"سێو")ەوە ببێتە كۆزانیارییەكی چاولێكەرییانە لە ڕێگەی فێربوونی مرۆڤی كورد و ڕاهاتنی لە سەر ئەو دوو جۆرە زانیارییە، هەروەك لە هێڵكاری ژمارە (٣)دا دەنوێنرێت:



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆزانیاری کرۆکییانە ← کۆزانیاری گشتی

بەڵام

کۆزانیاری گشتی ← کۆزانیاری چاولێکەرییانە

کەواتە

کۆزانیاری کرۆکییانەش ← کۆزانیاری چاولێکەرییانە

**هێڵکاری ژمارە (٣) "گۆڕینی کۆزانیاری کرۆکییانە بۆ کۆزانیاری چاولێکەرییانە"**

**٤) کۆزانیاری تایبەتمەند "Characteristic Knowledge":**

**ئەم کۆزانیارییە زیاتر ئەو زانیارییە جیاواز و ناوازانە دەگرێتەوە، کە شتێك خاوەنیەتی، جا ئەو زانیارییە هی خودی شتەکە بێت یان هی دەرەوەی شتەکە بێت و لە ئەنجامی مامەڵەکردنی مرۆڤەکانەوە لەگەڵیدا بێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا لە لای مرۆڤی کورد (ڕەنگ سەوزی برۆکلی)، کە تایبەتمەندییەکی خودییانەی خودی برۆکلییە لەگەڵ (بەکاربردنی وەك کەرەستەیەکی خواردن) لە لایەن مرۆڤی کوردەوە، کە زانیارییەکی تایبەتمەندی دەرەکییانەیە لە سەر (برۆکلی) لە زمانی کوردیدا. بێگومان کۆزانیاری تایبەتمەندیش بە هۆی مامەڵەکردنی ڕۆژانەی مرۆڤەوە لەگەڵیدا وەك کۆزانیارییەکی باوی گشتی لێدێت. لێرەشەوە دەشێت ببێت بە کۆزانیاری چاولێکەرییانە، هەروەك لە هاوکێشەی ژمارە (٤)دا دیارە:**

کۆزانیاری تایبەتمەند ← کۆزانیاری گشتی

بەڵام

کۆزانیاری گشتی ← کۆزانیاری چاولێکەرییانە

کەواتە

کۆزانیاری تایبەتمەندیش ← کۆزانیاری چاولێکەرییانە

**هێڵکاری ژمارە (٤) "گۆڕینی کۆزانیاری تایەتمەند بۆ کۆزانیاری چاولێکەرییانە"**

**بێگومان ئەم جۆرانەی کۆزانیاری لە پەیوەندییەکی بەردەوامی تۆڕبەندانەی تێکچڕژاودان، کە بنەمای پەیوەستبوونیانە بەیەکترییەوە. هەربۆیە دەکرێت بگوترێت ئەو زانیارییەی لای هەمووان هەیە لە سەر شتێك، ئەوا ئەو زانیارییە (کۆزانیارییەکی چاولێکەرییانەیە)، بەڵام ئەگەر زانیارییەك لە سەر شتێك لە لای ژمارەیەکی کەمی خەڵکی یان تەنها لە لای دوو کەس یان تەنها یەك کەس هەبوو، ئەوا ئەو زانیارییە (کۆزانیارییەکی تاکگەراییە، واتە یان کۆزانیارییەکی گشتی یان کۆزانیارییەکی کرۆکییانە یان کۆزانیارییەکی تایبەتمەندە).**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پرسیار گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا کام لەم چوار جۆرەی کۆزانیاری دەبێتە کۆزانیارییەکی (بەسەنتەربوو) و دەشبێتە بنەمای چەمکەکە/واتای ئینسکلۆپیدی لە ئاوەزی مرۆڤدا؟

بێگومان لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ڕاستەوخۆ یەکەمجار دەبێت ئەوە بزانینن کە هەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاری پێکەوە دارِشتەی چەمکەکە دادەرِێژن، بەڵام مەرج نییە هەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاری، کە بنەمای دارِشتەی ئەو چەمکە بوون لە لای هەموو مرۆڤەکان بوونیان هەبێت، بەڵکو لای هەر یەکێکیان هەندێکی چوار جۆرەکەی کۆزانیاری چەمکەکە بوونی هەیە. هەندێکجاریش دەشێت هەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاری ئەو چەمکە لای مرۆڤەکە هەبێت، کە ئەمەش دەگەرِێتەوە بۆ ڕادە و ڕێژەی مامەڵەکردن و شارەزاییی پەیداکردنی مرۆڤەکە لەگەڵ ئەو شتەی (جا بەرجەستە بێت یان ئەبستراکت بێت) چەمکەکەی بۆ دارِێژراوە.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کام لەمجۆرانەی کۆزانیاری دەبنە کۆزانیارییەکی بەسەنتەربوو بۆ دارِشتەی چەمکەکە، ئەوا ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت و پشت دەبەستێت بە وردێتی ئەو دەوروبەرەی، کە شتەکەی تێدا بەکاردێت و مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵە بە پێی شارەزایی و کلتوری خۆیان یەکێك لەو چوار جۆرەی کۆزانیاری یان دووانیان یان سیانیان یان هەندێکجار هەر چوار جۆرەکە هەڵدەبژێرن و دەیکەنە (کۆزانیاری بەسەنتەربوو) و بنەمای دارِشتەی چەمکەکە لە ئاوەزییاندا. بێگومان هەموو ئەمەش دەگەرِێتەوە بۆ چالاکی پەیوەندی تۆرِبەندییانەی هەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاری، هەروەك لە هێڵکاری ژمارە (٥) دەنوێنرێت:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




**هێڵكاری ژمارە (٥)**

**"دارشتەی چەمك لە زمانی كوردیدا (كۆپەیوەندی تۆڕبەندییانەی چەمكیلەكان)"**



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سێیەم// جیاوازی لە نێوان واتای ئینسکلۆپیدی و واتای دەوروبەردا هەیە :**

هەروەك لە ڕێکخراوەیی کۆزانیاریدا خرایەڕوو، واتای ئینسکلۆپیدی بە هۆی کۆپەیوەندی تۆڕبەنییانەی چوار جۆرەکەی کۆزانیارییەوە دادەڕێژرێت، بەڵام واتای دەوروبەرییانە زیاتر مەبەست لێی ئەو دەوروبەر و بارودۆخەیە، کە شارەزایمان لە سەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاری وەرگرتووە و لە ئاوەزماندا بەکۆدمان کردووە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی، کە پاش دروستبوونی چەمکەکە (واتا ئینسکلۆپیدییەکە) نمایندەی واتا ئینسکلۆپیدییەکەی تێدا بەکاردەهێنرێتەوە. واتە واتای دەوروبەرییانە بریتییە لە بارودرخی وەرگرتنی چوار جۆرەکەی کۆزانیاری داڕشتەی چەمك و بارودۆخی بەکارهێنانی ئەو وشەیەی لە ئاوەزماندا نمایندەی چەمکە دروستبووەکەیە. بەمشێوەیە جۆرەکانی (دەوروبەر) بۆ (بەمۆدێلکردنی دەوروبەر)[٢٠]، بە مەبەستی وەرگرتن یان بەکارهێنانی وشەیەك زیاتر بریتین لە[٢١]:

١) دەوروبەری واتای ئینسکلۆپیدی، کە زیاتر مەبەست لێی ئەو دەوروبەرەیە، کە وشەیەکی تێدا بەکاردێت و بە هۆی دەوروبەری بەکارهێنانی وشەکەوە جۆرە کۆزانیارییەکی دیاریکراوی واتای ئینسکلۆپیدی چنگدەکەوێت. بۆ نموونە بڕوانە ئەو دەوروبەرەی وشەی (گوێ)ی تێدا بەکاردێت لە ڕستەکانی (١٢٠ و ٢٠ب)دا:

(٢٠) ا- [ گوێ[ درێژ]] تەنها ئامێری گوێزەرەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی چەکدارانەی کورد بووە.

ب- [ گوێ درێژ] مەبە!

لە تێڕامانی دوو ڕستەکەوە، کە وەك دوو دەوروبەری جیاوازی بەکارهێنانی وشەی (گوێ)یە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە ئەو کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەی لە ڕستەی (٢ ا)دا چنگدەکەوێت تەواو جیاوازە لە هی ڕستەی (٢٠ب)، چونکە هەر دەوروبەرێکیان کۆزانیارییەکی ئینسکلۆپیدی جیاواز چنگدەخەن، کە لە یەکەمیاندا کۆزانیارییەکی گیاندارییە و لە دووەمیشیاندا کۆزانیارییەکی مرۆیی وەك گیاندارییە.

٢) دەوروبەری سەرەکی، ئەمیش ئەو دەوروبەرەیە، کە بە هۆیەوە واتای سەرەکی وشەکە چنگدەکەوێت وەك ئەو دەوروبەرەی، کە وشەی (قەیسی) تێدا بەکاردێت لە نموونەی (٢١)دا:

(٢١) تۆزێك [ شلەی قەیسیم] بۆ بێنە.

لێرەدا دەوروبەری سەرەکی بەکارهێنانی وشەی (قەیسی) واتای سەرەکی وشەکە چنگدەخات، کە کەرەستەیەکی چێشت لێنانە، نەك کەرەستەیەکی میوەیی.

٣) دەوروبەری سەرواداری، زیاتر ئەو دەوروبەرەیە، کە تێیدا وەشانەکانی ئاوازداری دەربڕاوەکە هاوشانی دەربڕاوەکەیە و واتای جیاوازی پێ دەبەخشێت، هەروەك لە ڕستەی پرسیاری (٢٢)دا دەردەکەوێت:

(٢٢) ئازاد لە ماڵەوەیە ؟

لە نموونەکەدا ئاوازی بەرزبۆوە لە دەربڕینی ڕستەکەدا واتای پرسیاری چنگخستووە.

---

[٢٠] Cruse 2000 باوەڕیوایە، کە دەوروبەر (کرۆکە واتا"Purport")ی وشەکان دیاریدەکەن و دەبنە بنەما بۆ بە مۆدێلکردنی واتای دەوروبەر. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Cruse, D., A. (2000:83-90)

[٢١] بە مەبەستی درکپێکردنی جۆرەکانی واتای دەوروبەر لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بڕوانە:
Evans,V. and Green, M. (2006: 221)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤) دەوروبەری کەسییانە، مەبەست لە جۆری پەیوەندی نێوان ئاخێوەرانە لە کاتی دەربڕینی دەربڕاواکاندا. بۆ نموونە ئەگەر دەوروبەری کەسییانە نزیکایەتی و هاوڕێیانە بێت، ئەوا ڕستەی (٢٣) واتای ئینسکلۆپیدی (چۆن و چاکی) چنگدەخات:

(٢٣) هاتی بە ملی شکاوت!

بەڵام ئاشکرایە گەر پەیوەندی دەوروبەرییانە هاوڕێیانە نەبێت و فەرمی بێت، ئەوا ڕستەی (٢٣) واتای ئینسکلۆپیدی (تانە و تەشەر و هەڵچوونی دەروونی و تابوو) چنگدەخات.

**چوارەم// یەکە زمانییەکان خاڵی گەیشتنن بە واتای ئینسکلۆپیدی:**

لە سەر بنەمای شیکردنەوەکانی گریمانەی (یەکەم و دووەم)[22]، سیمانتیکی درکپێکردن یەکە زمانییەکان بە خاڵی گەیشتن دەزانێت بە واتای ئینسکلۆپیدی، چونکە بە تێڕوانینی سیمانتیکی درکپێکردن یەکە زمانییەکان تیاهەڵگری (نیشانە واتاییەکان یان چەپکە نیشانەکان) نین، بەڵکو هەنگاوی یەکەمی چنگکەوتنی کۆپەیوەندی تۆڕبەندی جۆرەکانی کۆزانیارییە، کە داڕێژەری خودی چەمکەکەن/ واتای ئینسکلۆپیدین. بۆ نموونە بە پێی ئەم تێڕوانینە با لە نموونە وشەیی ژمارە (٢٤) بڕوانین:

(٢٤) [ کلاش ]

بێگومان بە پێی ئەم تێڕوانینە وشەکە تەنها فۆرمێك نییە بۆ هەڵگرتنی چەپکە نیشانەی:

+ پێڵاو
+ پێڵاوی هاوینەی کورد
+ پێڵاوی پەڕۆ

بەڵکو ئەم وشەیە خاڵی یەکەمی گەیشتنە بە کۆزانیاری چاولێکەرییانە، کە کۆزانیاری (پێڵاو)ە بە هەموو کۆپەیوەندییە چڕ و ئاڵۆزەکانییەوە، وەك (پێڵاوی پیاوان، پێڵاوی ئافرەتان، پاپوجی منداڵان، پێڵاو بە پێی ڕەنگ و شێوە، پێڵاو بە پێی مۆدێل و سەردەم وەك کەوش و قاپ قاپە، پێڵاو بە پێی مارکە و نرخ...هتد). هەروەکچۆن خاڵی گەیشتنە بە (کۆزانیاری گشتی و کرۆکییانە و تایبەتمەند)ی وشەکە، کە تێگەیشتنە لە هەموو ئەو کۆزانیارییە پەیوەست بەیەکەوانەی لە (کۆزانیاری چاولێکەرییانە)دا هەیە و لەم سێ کۆزانیارییەوە لە ڕێگەی گشتاندنەوە پەیوەستکراوە، وەك کۆزانیاری گشتی (شوێنی دروستکردنی پێڵاوەکە) و (تەکنۆلۆژیای دروستکردنەکەی) و (سەرسەختی دروستکەران و بەکاربەرانی پێڵاوەکە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون) و دەیان کۆزانیاری کرۆکییانەی و تایبەتمەندانەی تری پەیوەست بەم کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەوە.

[22] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دوو گریمانەیە، بڕوانە لاپەڕە (١٣–١٨)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پێنجەم// كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی خاوەنی دینامیكییەتە :**

مەبەست لە توانای گۆڕین و زیادبوون و نوێبوونەوەی كۆزانیارییەكانی واتای ئینسكلۆپیدییە، واتە ڕاستە پاش دروستبوونی تۆڕبەندی كۆزانیارییەكانی واتای ئینسكلۆپیدی، كۆزانیارییەكە چەقی بەسەنتەربوون وەردەگرێت و دەبێتە (كرۆكە واتا)ی واتا ئینسكلۆپیدییەكە لە ئاوەزدا، بەلاّم ئەو تۆڕبەندە كۆزانیارییەی ئەم سەنتەربوونەی كرۆكە واتای لێ بەرهەمهاتووە بەردەوام لە گۆڕاندایە و دینامیكییەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە كرۆكە واتای كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی مرۆڤی كورد دەربارەی گیانداری (پشیلە)، كە بە نموونە وشەیەكی وەك (٢٥) ئاماژەی بۆ دەكرێت و لە ئاوەزدا داكراوە و نوێنراوە:

(٢٥) [ پشیلە ]

لە ڕاستیدا زیاتر كۆزانیاری ئینسكلۆپیدی مرۆڤی كورد دەربارەی نموونەی (٢٥) زیاتر كۆزانیارییە دەربارەی (گیاندارێكی چوارپێی كلكداری بچوك)، بەلاّم بۆ ئەو مرۆڤانەی بە جۆرێك لە جۆرەكان مامەڵەی ڕۆژانەیان لەگەڵ ئەم گیاندارەدایە یان بەخێوی دەكەن، ئەوا دەیان كۆزانیاری تری جیاواز جیاواز بەشێك دەبێت لە تۆڕبەندی كۆزانیاری واتای ئینسكلۆپیدی نموونەی (٢٥) لە ئاوەزیاندا، كە لە هەر بەریەككەوتن و شارەزاییەكی نوێ لە سەر ئەم گیاندارە ڕاستەوخۆ ئەو كۆزانیارییە ئینسكلۆپیدییەش، كە لە سەر نموونەكە هەیانە و دەگۆڕێت.

ئەگەر ڕێكخراوەیی چەشن و جۆرەكانی كۆزانیاری بنەمای داڕشتەی هەر چەمكێك بن، ئەوا شرۆڤە و تێگەیشتن لە پاشخانی زانیاری هەر وشەیەك ( كە نمایندەی چەمكێكە) بۆ خۆی بنەمای تێگەیشتنە لە داڕشتەی چەمك. بەمشێوەیە لێكۆڵینەوەكە بۆ شرۆڤەی بنەمای شیتەڵكردن و تێگەیشتنی داڕشتەی هەر چەمكێك پەیڕەوی تیۆری (سیمانتیكی چوارچێوەیی "Frame Semantics")ی (چارلس فیلمۆر) دەكات و پێیوایە زانسترین ڕێباز و پرۆگرامی جێبەجێكردنی ئەم ئەركە بێت، چونكە تیۆرییەكە لە خۆیدا، كە گەشەپێدراو و وەلاّمدەرەوەی ڕەخنەكانی سەر تیۆری (نیشانە واتاییەكان"Semantics Features")[٢٣]ی خودی دانەری تیۆرییەكەیە و دەیەوێت تایبەتییەكانی داڕشتە ڕیزبەندكراوەكانی كۆزانیاری شرۆڤە بكات، كە پەیوەستە بە هەر وشەیەكەوە. بەمشێوەیە (فیلمۆر) پێیوایە، كە: (( سیمانتیكی چوارچێوەیی زیاتر بریتییە لە تۆماركردنی شارەزاییەكانی مرۆڤ (واتە تۆماركردنی داڕشتەی كۆزانیاری مرۆڤ)، كە لە سەر ئاستی چەمك هەڵدەگیرێت و بە هۆیەوە ناو و واتای ناوی بونەوەرەكان و كەرەستەكان بە كلتورێكی دیاریكراوەوە پەیوەست دەكات و لە شارەزایی مرۆڤەكەدا تۆمار دەكرێت و لە یادگەی درێژخایەندا هەڵدەگیرێت))[٢٤]. بەمشێوەیە دەكرێت بگوترێت، كە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ لە واتای وشەیەك تێبگەین بە بێ تێگەیشتن لەو چوارچێوە واتاییەی، كە وشەكە ئەندامە تێیدا. بە مەبەستی كاركردن لەم چوارچێوە واتاییەدا و تێگەیشتن لە واتای وشەكەی ئەندامە تێیدا، (فیلمۆر)

[٢٣] بۆ زانیاری لە سەر سەرەتاكانی ئەم تیۆرییە و ڕەخنە و گەشەپێدانەكانی خودی تیۆرییەكە، بڕوانە:
a/ Jeffries,L. (2006:164-166) b/ Barodal, J. and Shilliah, L. (2009:31-33) c/ Langacker, R., W. (2008:38-40)

[24] Evans,V. and Green, M. (2006: 222)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەردوو زاراوەی [ ( ڕووكار"Figure" و (زەمینە "Ground")]ی بەكاربردووە. ئەمەش بە شێوەیەك، كە زاراوەی (ڕووكار) زیاتر مەبەست لێی چەمكی وشەكە بووە و زاراوەی (زەمینە)ش زیاتر چوارچێوە واتاییەكە بووە، كە وشەكە تێیدا ئەندام بووە. هەر لە لایەن خودی (فیلمۆر)ەوە و لە لێكۆڵینەوەكانی دواتریدا گەشەی زیاتر بەم دوو زاراوەیە داوە و بە هەردوو زاراوەی [ ( پوختە"Profile" و (بنەما "Base")] هەمبەری كردووە. لە ڕاستیدا دانانی ئەم دوو زاراوەیە زیاتر بۆ مەبەستی بەكارهێنانی بووە وەك ڕێبازێكی لێكۆڵینەوە بۆ دیاریكردنی بەهای واتای چەمكی وشەیەك هەمبەر بەها چەمكییەكانی ئەو چوارچێوە واتاییەی وشەكە ئەندامە تێیدا[٢٥]. لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە تیۆری (سیمانتیكی چوارچێوەیی) درك بەوە دەكرێت، كە (فیلمۆر) زانستانە كەموكورتی تیۆری (نیشانە واتاییەكان)ی پڕكردۆتەوە، چونكە ئەم پێیوایە، كە ڕاستە تیۆری (نیشانە واتاییەكان) لە توانادایە لیستی سەرجەم ئەو نیشانە واتاییانە ڕیز بكات، كە پەیوەستە بە چەمكی وشەیەكەوە، بەڵام هەرگیز لە توانایدا نەبووە پەیوەندی نێوان دوو نیشانەی واتایی یان زیاتری خودی چەمكی وشەكە بخاتەڕوو. بۆ نموونە ئەگەر چەمكی وشەی (كۆمپیوتەر) بە هۆی ڕیزكردنی لیستی نیشانە واتاییەكانی وشەكە بخەینەڕوو، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت بە نزیكەیی لەم لیستی ڕیزە نیشانانە پێكدێت:

+ ئامێر
+ تەختەكلیل
+ شاشە
+ مەزەر بۆرد
+ كارەبا
......هتد

لە نموونەكەوە ئەوە تێدەگەین، كە (كۆمپیوتەر) لە چەند پارچەیەكی ئامێریی وەك (شاشە و مەزەربۆرد و تەختەكلیل و ....هتد) پێكهاتووە. لەوەش زیاتر ئەوەش دەزانین، كە ئەم ئامێرانە بە هۆی كارەباوە و لە ڕێگەی سویچ پلاكێكەوە كاردەكات. ئەمە جگە لە زانینی ئەوەی بە لایەنی كەمەوە مرۆڤێك هەیە بۆ كاركردن بە ئامێرەكە، بەڵام ئەوەی بە هۆی ڕیزكردنی لیستی ئەم نیشانانەوە دركی پێناكەین چۆنیەتی پەیوەندی نێوان

---

[٢٥] بە مەبەستی تێگەیشتن لە لایەنی تەكنیكی و چەمكی دانانی ئەم دوو زاراوەیە و گەشەپێدانەكانی دواتری دوو زاراوەكە و هەمبەركردنی بە دوو زاراوەكەی دواتری، هەروەها بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە سەرەتاكانی ئەمجۆرە كاركردنەی (فیلمۆر) و چۆنیەتی گەشەپێدانەكانی، بڕوانە:

a. Fillmore, C., J. (1976:20-30)
b. Fillmore, C., J. (1982:11-136)
c. Fillmore, C., J. (2007:129-160)
d. Croft, W., and Cruse, D., A. (2004:251)


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

كارپێكەری ئامێرەكە و خودی ئامێرەكەیە، كە هەر یەكەیان نیشانەیەكی ڕیزكراوی چەمكی وشەی (كۆمپیوتەر)ن.

كەواتە لە شیكاری نموونەكەوە ئەوە تێدەگەین، كە ( سیمانتیكی چوارچێوەیی ) چەمك شێوەی نواندنی بنەمای كۆزانیارین، بەڵام لە بەر ئەوەی زانیارییەكانی ئەم كۆزانیارییە بەردەوام لە ڕێچگەی ئەزموونەكانی مرۆڤەكەوە دەگۆڕێت. بۆیە سیمانتیكە چوارچێوەییەكەش هەمیشە و بە بەردەوامی نوێدەكرێتەوە و چاكدەكرێتەوە و ڕێكدەخرێتەوە لەگەڵ شارەزایی مرۆڤەكەدا. واتە سیمانتیكی چوارچێوەیی بەردەوام لە گۆڕاندایە بە پێی هەژاری و دەوڵەمەندی ئەزموونەكانی مرۆڤەكە. بەمشێوەیە لە تیۆری (سیمانتیكی چوارچێوەی)یدا زاراوەی (پوختە) زیاتر بریتییە لە واتای وشەكە و وشەكەش لە فەرهەنگی ئاوەزیدا و لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەبێتە نمایندەی سەرجەمی كۆزانیاری چەمكەكە. هەرچی زاراوەی (بنەما)شە زیاتر بریتییە لە كۆزانیارییەكی فراوان و وەك چوارچێوەیەكی كۆزانیاری چەمكەكە خۆی دەنوێنێت. بە پێی ئەم تیۆرییە (پوختە) بریتییە لە دیارترین و دەركەوتوترین چەمكیلەی سیمانتیكی چوارچێوەی چەمكەكە. هەربۆیە كراوەتە (پوختە)ی (بنەما)كە و وەك نوێنەری چەمكەكە مامەڵە دەكات. هەرگیز ناتوانرێت لە واتا و چەمكی (پوختە) تێبگەین بە بێ تێگەیشتن لە كۆزانیاری (بنەما)ی (پوختە)كە. لەم ڕوانگەیەشەوە (فیلمۆر) لە تیۆرییەكەیدا بە مەبەستی تێگەیشتن لە چەمكی (پوختە) تێگەیشتن لە چەمكی (بنەما)ی (پوختە)ی كردۆتە پێوانە، هەروەها بە مەبەستی تێگەیشتن لە خودی (بنەما)ش، دەبێت لە پۆلی [ (خاسیەت - بەها) و (دروستەی نەگۆڕ)]ی چوارچێوەكان تێبگەین. كەواتە بۆ ئەوەی لە چەمكی (پوختە)ی وشەیەك تێبگەین، دەبێت لە كۆزانیاری (بنەما)ی چەمكەكە تێبگەین، بە مەبەستی تێگەیشتنیش لە سیمانتیك چوارچێوەیی (بنەما) دەبێت لە هەردوو پۆلی [ (خاسیەت - بەها) و (دروستەی نەگۆڕ)]ی چوارچێوەكە تێبگەین. بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە چەمكی وشەی/پوختەی (تەماتە) لە زمانی كوردیدا تێبگەین، دەبێت لە كۆزانیاری (بنەما)ی ئەم پوختەیە تێبگەین، بۆ ئەوەی لە (بنەما)ی ئەم پوختەیەش تێبگەین، دەبێت لە هەردوو پۆلی [ (خاسیەت - بەها) و (دروستەی نەگۆڕ)]ی سیمانتیكی چوارچێوەیی پوختەی (تەماتە) لە زمانی كوردیدا تێبگەین، هەروەك لە هێڵكاری ژمارە (٦)دا خراوەتەڕوو.

بەمشێوەیە چوارچێوەی چەمكێك لە سەر دوو بنەمای سەرەكی هەم دادەڕێژرێن و هەم تێشیدەگەین، كە ئەوانیش [ (خاسیەت - بەها) و (دروستەی نەگۆڕ)]. (خاسیەت) بریتییە لە تایبەتمەندی گشتی چەمكەكە و نمایندەی ئەندامێكی/ نیشانەیەكی كەتیگۆری چەمكەكەیە. هەرچی (بەها)شە تایبەتمەندی ورد و تایبەتی خاسیەتەكەن و وەك جۆری دیاریكراوی خاسیەت (كە خۆی چەشنێكی/ ئەندامێكی چەمكەكەیە) دەردەكەون، بۆ نموونە لە چەمكی پوختەی (تەماتە)دا خاسیەتی وەك (تەماتەی كوردی، تەماتەی كوردی سێ سوچ، تەماتەی بەیت)مان هەیە. هەریەكە لەم سێ خاسیەتەشە دەتوانن (بەها)یان هەبێت، بۆ نموونە خاسیەتی (تەماتەی كوردی) بەهای (تەماتەی كوردی پێنجوێن، تەماتەی كوردی ئەودیو/كوردستانی ڕۆژهەڵات)ی هەیە، هەروەها خاسیەتی (تەماتەی كوردی سێ سوچ) بەهای (تەماتەی كوردی سێ سوچی ئاڵ، تەماتەی كوردی سێ سوچی مۆر) هەیە و خاسیەتی (تەماتەی بەیت)یش بەهای (تەماتەی بەیتی بازیان، تەماتەی بەیتی كوردستانی ڕۆژهەڵات)ی


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەیە. لێرەدا دەتوانرێت (بەها)كانیش جارێكی تر ببنەوە بە (خاسیەت)، چونكە خودی (بەها)كان دەتوانن وەچە چەشنی تریان هەبێت، كە بۆیان ببێتەوە بە خاسیەت وەك ئەوەی بەهای (تەماتەی كوردی خۆمان) دەكرێت ببێتەوە بە خاسیەت و بەهای (تەماتەی كوردی خۆمانی ڕەنگ سوور، تەماتەی كوردی خۆمانی ئاڵی مزر)ی هەبێت.

بەمشێوەیە (خاسیەت - بەها) تایبەتمەندییە سەرەكی و لاوەكی یان تایبەتمەندییە گەورە و بچوكەكانی چەمكەكە دەخەنەڕوو، بەڵام (بەها)كان زۆر تایبەتمەندترن لە (خاسیەت) بۆ چەمكەكە و زیاتر نیشانەی خۆڕسكین لە چاو (خاسیت)ەكان، چونكە ئەمان زیاتر نیشانەی گشتین بۆ چەمكەكە.

هەرچی (دروستەی نەگۆڕ)یشە دەكرێت ئەوە بگوترێت، كە (خاسیەت)ەكان هەرگیز بە تەنها كارناكەن و سەربەخۆ نین، بەڵكو لە پەیوەندییەكی بەهێز و بەردەوامدان، تەنانەت بەهێزترین و بەرزترین خاسیەت ئەو خاسیەتانەن، كە زۆرترین پەیوەندی و كارلێكی هەیە. هەربۆیە لە هەر چوارچێوەی چەمكێكدا خاسیەتێك هەیە، كە زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ خاسیەتەكانی تردا هەیە و پەیوەندی بە (بەها)كانەوە نییە، كە لە باری نموونەكەی سەرەوەدا دەكرێت ئەو خاسیەتە نەگۆڕە پەیوەندیدارە خاسیەتی (خاك) یان (جوتیار) یان هەردووكیان بێت. لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان (دروستەی نەگۆڕ) و (خاسیەتەكان)ەوە، دەكرێت بگوترێت، تەنانەت نرخی هەر خاسیەتێك بە هۆی بەهێزی پەیوەندییەكەیەوەیەتی بە (دروستەی نەگۆڕ)ەوە، بۆ نموونە پەیوەندی هەرسێ خاسیەتی (یەكەم و دووەم و سێیەم)ی پوختەی (تەماتە) بە ڕێژەی جیاواز پەیوەندییان بە (دروستەی نەگۆڕ)ەوە هەیە، هەربۆیە بەهای خاسیەتەكانیش بە پێی ئەو پەیوەندییە دیاریدەكرێت. هەر ئەمەشە وایكردووە خاسیەتی (تەماتەی كوردی/خاسیەتی یەكەم) لە فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤی كورددا بەنرختر بێت، چونكە پەیوەندییەكی بەهێزتری بە (خاك)ی كوردستان و (دەستی كاری خۆماڵیی)ەوە هەیە. بەڵام بۆ خاسیەتی (دووەم و سێیەمی پوختەكە) بە هۆی گۆڕانی ڕێژەی بەهێزیی پەیوەندی ئەم دوو خاسیەتەوە بە (دروستەی نەگۆڕ)ەوە، خودی نرخی بەهاكانی ئەم دوو خاسەیەتەش لە فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤی كورددا گۆڕدراوە و نرخێكی جیاوازتر لە خاسیەتی یەكەم وەردەگرێت. بە مەبەستی نواندنی چەمكە خراوەڕووەكان و [ (خاسیەت - بەها) و (دروستەی نەگۆڕ)] نموونە شیكراوەكە با لە هێڵكاری ژمارە (٦) ڕابمێنین:



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




**هێڵکاری ژمارە (٦)**

**دارشتەی هەردوو پۆلی [ (خاسیەت - بەها) و (دروستەی نەگۆڕ) ]ی پوختەی (تەماتە)**

لە ڕاستیدا تیۆری (سیماتیکی چوارچێوەیی) هەر بە تەنها بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی دارشتەی چەمکێك بەکارنایەت، بەڵکو دەشتوانرێت بۆ شیکردنەوەی دارشتەی چەمکییانەی بونیادە ڕێزمانییەکان لە زماندا بەکاربێت، چونکە تێگەیشتن لە سیمانتیکی چوارچێوەیی کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەست بەیەکەوە (واتە چەمکێك) یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە چەمکی وشەکان و پەیوەندییەکانیان. لێرەشەوە ئەم دیاریکردنە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری ڕێزمانی ئەو وشانەی لە بونیادە ڕێزمانییەکاندان و دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ تێگەیشتن لە دارشتەی خودی بونیادە ڕێزمانییەکان. کەواتە سیمانتیکی چوارچێوەیی، دارشتەیەکی کۆزانیارییە و پێویستە بۆ تێگەیشتن لە وشە یان پۆلە وشەیەکی پەیوەست بەیەکەوە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر، ئێستا لە نموونە وشەییەکانی (٢٦ و ٢٧) ڕادەمێنین:

(٢٦) [ کڕین]

(٢٧) [ پێدان]


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناتوانین لە واتای ئەم دوو نموونە وشەییە تێبگەین، تاوەکو سیمانتیکی چوارچێوەیی هەریەکەیان نەزانین، چونکە چوارچێوەکانیان (پاشخان و هۆوروژێنەری) کاتیگۆری هەردوو وشەکە دەخاتەڕوو. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەوە بزانین، کە هەر چوارچێوەیەك خاوەنی خاسیەتن (هەروەك لە هێلکاری "٦"دا خرایەڕوو)، کە هەر یەکێك لەم خاسیەتانەش وەك (ڕۆڵی بەشداربووان) وایە لەو چەمکەدا/ چوارچێوە سیمانتیکییەدا. هەربۆیە (فیلمۆر) بۆ خستنەڕووی پەیوەندی و کارلێکی ئەم (خاسیەتانە/ ڕۆڵی بەشداربووانە) چەمکی (گونجان "Valence")[٢٦] پێشنیاز دەکات، کە ئەم چەمکەش گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی ئەو ڕێگەیەی تێیدا وشەیەك/خاسیەتێك دەتوانێت لەگەڵ وشەیەکی تر/ خاسیەتێکی تر لێکبدرێن و ڕستەیەکی ڕێزمانی دروست بکەن. بێگومان بە هۆی چەمکی (گونجان)ەوە دەتوانرێت سروشتی بەشداربووان و ژمارەی بەشداربووان دیاری بکرێت. بۆ نموونە خاسیەتی کڕین (نموونەی ٢٦)، کە سەر بە چوارچێوەی (کڕین و فرۆشتن)ە دوو (بەها)ی هەیە، کە بەیەکەوە دەگونجێن کارلێك بکەن. ئەم دوو (بەها)یەش دەبنە دوو بەشداربووی ڕستەکە، کە بریتین لە بەشداربووانی (کڕیار و شتومەك)، هەروەك لە ڕستەی (٢٨)دا دیارە:

(٢٨) [ بەشداربووی یەکەم/بەهای١ من [ بەشداربووی یەکەم/بەهای٢ نانەکەم [ خاسیەت کڕی ]]].

بەڵام خاسیەتی (پێدان/ نموونەی ٢٧)، کە هەر سەر بە چوارچێوەی (کڕین و فرۆشتن)ە سێ (بەها)ی هەیە، کە بەیەکەوە دەگونجێن و دەبنە بەشداربووی ڕستەکە، کە ئەوانیش بریتین لە بەهاکانی (کڕیار، فرۆشیار، شتومەك)، هەروەك لە ڕستەی (٢٩)دا دەنوێنرێت:

(٢٩) [ بەشداربووی یەکەم/بەهای١ من [ بەشداربووی یەکەم/بەهای٢ پێنج سەد دینارم [ بەشداربووی یەکەم/بەهای٣ بە ئازاد [ خاسیەت دا ]]].

کەواتە ئەم کۆزانیارییەی، کە سیمانتیکی چوارچێوەیی بۆ پەیوەندییەکانی وشەیەك یان پۆلە وشەیەك دەیخاتەڕوو ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی هەیە لە دیاریکردن و ڕێگەدان بە (ڕێکخستنی ڕێزمانی) بونیادە ڕێزمانییەکان لە زمانەکەدا. ئەمەش بە هۆی ئەوەی شارەزاییە زمانییەکانی ئاخێوەران ڕاستەوخۆ ڕۆڵی کارایان لە داڕشتەی (سیمانتیکی چوارچێوەیی) پەیوەندییەکانی وشە یان پۆلە وشەکانی زمانەکەدا دەبێت. ئەم سیمانتیکی چوارچێوەییانەش ڕاستەوخۆ دەبنە بنەما بۆ داڕشتنی بونیادە ڕێزمانییەکانی زمان. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەکانی (٣٠ا و ٣٠ب)، (٣١ ا و ٣١ب) وردببینەوە:

(٣٠) ا- ئازاد سەیارەکەی کڕی.
ب- ★ ئازاد دەڵاڵەکەی کڕی
} بونیادی ڕێزمانی داڕشتەی چەمکی (کڕین) لە سەر بنەمای سیمانتیکی چوارچێوەیی چەمکی "کڕین".

(٣١) ا- نەوزاد پارەکەی دا بە دەڵاڵەکە.
ب- نەوزاد پارەکەی دا بە سەیارەکە.
} بونیادی ڕێزمانی داڕشتەی چەمکی (پێدان) لە سەر بنەمای سیمانتیکی چوارچێوەیی چەمکی "پێدان".

[٢٦] شرۆڤەی چەمکەکە دەبینرێتەوە لە: Evans,V. and Green, M. (2006: 226)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گەر لە ڕستەکن وردببینەوە، ئەوا دەبینین ڕستەکانی (١٣٠ و ١٣١) ڕێپێدراو و درکپێکراوە، بەڵام ڕستەی (٣٠ب) درکپێنەکراوە و ڕێگەپێدانەکەشی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کەوا سیمانتیکی چوارچێوەیی چەمکی (کڕین) تەنها دەتوانێت پەیوەندی نێوان (کڕیار و شتومەك) شیبکاتەوە و ناتوانێت پەیوەندی نێوان (کڕیار و فرۆشیار) شیبکاتەوە و بگرێتەوە، چونکە دوو بەهای خاسیەتی (کڕین) نین. مەگەر لە باری کۆیلایەتیدا فرۆسیارەکە (دەلاڵەکە) بە شتومەك دابنێت! بە هەمانشێوە سیمانتیکی چوارچێوەیی چەمکی (پێدان) دەتوانێت تەنها پەیوەندی نێوان (کڕیار و فرۆشیار و شتومەك) بخاتەڕوو. هەربۆیە جیا لە ڕستەی (٣٠ب)، ڕستەی (٣١ ب) ڕێپێدراوە. پاساودانی ئەم درکپێکردنەی نموونەی (١٣١ و ٣١ب) دەکرێت لە نموونەی (١٣٢ و ٣٢ب)دا بنوێنرێت:

(٣٢) ا- کارۆ دوو سەد دۆلاری دا (بە دەلاڵەکە).

ب- کارۆ دوو سەد دۆلاری دا (بە سەیارەکە).

بە مەبەستی شرۆڤەکردنی بونیادی ڕێزمانی چەمکی نموونە وشەیی (٢٦) بە پێی تیۆری سیمانتیکی چوارچێوەیی خاسیەتی (کڕین) خاوەنی چوار بەهای (کڕیار، فرۆشیار، شتومەك، پارە)یە، ئەوا دەکرێت کۆپەیوەندی نێوانیان بە خشتەی ژمارە (١) بخرێتەڕوو:

| ژمارە | خاسیەتی (کڕین) | بەهای (کڕیار) | بەهای (شتومەك) | بەهای (فرۆشیار) | بەهای (پارە) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کڕی | بکەر | بەرکار | فرێزی لە لایەن | فرێزی لە لایەن |
| نموونەی (٣٣) | کڕی | ئازاد | خانووەکەی | لە دەلاڵەکە | بە ١٠٠٠٠٠ هەزار دۆلار |

**خشتەی ژمارە (١)**

**سیمانتیکی چوارچێوەیی خاسیەتی (کڕین)**

ئەگەر لە خشتەی (١) وردببینەوە، ئەوا دەبینین، کە ئەمجۆرە پەیوەندییانە لە نێوان خاسیەت و بەهاکانی خاسیەتی سیمانتیکی چوارچێوەییەکەدا هەیە:

١. کۆپەیوەندی خاسیەتی (کڕی) بە بەهای (کڕیار)ەوە پەیوەندییەکەیان (بکەرییە).
٢. کۆپەیوەندی خاسیەتی (کڕی) بە بەهای (شتومەك)ەوە پەیوەندییەکەیان (بەرکارییە).
٣. کۆپەیوەندی خاسیەتی (کڕی) بە بەهای (فرۆشیار)ەوە پەیوەندییەکەیان (ف.لەلایەن).
٤. کۆپەیوەندی خاسیەتی (کڕی) بە بەهای (پارە)وە پەیوەندییەکەیان (ف.لە لایەن).

لە سەر بنەمای درکپێکردن لە داڕشتەی چەمك و شیکردنەوەی چەمك بۆ تێگەیشتن لە چەمك لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بگوترێت، کە:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یەكەم: زیندوویی و چالاكی وشەكان، كە بونەتە (پوختە)ی (بنەما)ی چەمكەكان بە هۆی خودی زیندوویی و چالاكی (بنەما)كانەوەیە، بە شێوەیەك ئەگەر سیمانتیكی چوارچێوەیی (بنەما)ی چەمكێك لاواز ببێت یان بوونی نەمێنێت و بە چەمكێكی تر جێگەی بگیرێتەوە، ئەوا پوختەكەش (وشەكەش) لە كار دەكەوێت و بوونی نامێنێت. هەروەك لە سیمانتیكی چوارچێوەیی كشتوكاڵدا لە زمانی كوردیدا بەرچاو دەكەوێت، بۆ نموونە ناچالاكی و لەكاركەوتی پوختەكانی وەك (ئاشی ئاو) ، (هەباشە) بە هۆی ناچالاكی و لەكاركەوتنی خودی سیمانتیكی چوارچێوەكانیانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا بووە.

دووەم: سیمانتیكی چوارچێوەیی چەمكێك، كە بە پوختەیەك نمایندە دەكرێت ئاڕاستەی واتای پوختەكە دیاریدەكەن و واتاكانی چەمكەكە ڕوووندەكەنەوە. ئەمەش دەبێتە پێوەر بۆ چەسپاندنی پەیپێبردنێكی تەواوەتی بۆ چەمكەكە، وەك لە ڕستەكانی (١٣٤ و ٣٤ ب) و (١٣٥ و ٣٥ب)دا دەردەكەوێت:

(٣٤) ا- شنەبای [كەنار دەریا] سازگارە.

ب- * [ قەراغ دەریا] سازگارە

(٣٥) ا- [ قەراغی دەرگاكە] جوان بسڕە.

ب- * [ كەناری دەرگاكە] جوان بسڕە

بە هۆی چوارچێوەكانەوە دەتوانرێت لە ڕستەی (١٣٤)دا پەیپێبردنێكی تەواوەتی بۆ چەمكی (كەنار) دابڕێژرێت و لە بنەمای پوختەكەوە ئەوە تێدەگەین، كە پوختەی (كەنار) ئاڕاستەكەی لە دەریاوە بۆ وشكانییە و شوێنی بەیەكگەیشتنی ئاو و وشكانییەكەیە. بەڵام پوختەی (قەراغ) لە ڕستەی (٣٤ب)دا ئەم ئاڕاستەیەی نییە، هەربۆیە پەیپێنەبراوە و بونیادەكەشی ناڕێزمانی و واتا دروست نابێت. ئەمە لە كاتێكدا، كە لە ڕستەی (١٣٥)دا بە هۆی سیمانتیكی چوارچێوەیی پوختەی (قەراغ)ەوە ئاڕاستەی پوختەكە دیاریدەكرێت، كە مەبەست لێی كۆتاییەكانی لێوارەكانی دەرگاكەیە، هەربۆیە ڕستەی (٣٥ب) پەیپێنەبراوە، چونكە پوختەی (كەنار) ئاڕاستەیەكی جیاوازتری لە بنەمای پوختەی (قەراغ) هەیە.

سێیەم: هەڵبژاردنی وشەی جیاواز لە لایەن مرۆڤە جیاوازەكانەوە لە بارودۆخە ئاخاوتنە جیاوازەكاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، كە هەر وشەیەكی هەڵبژێردراو وەك پوختە بۆ نمایندەی بنەمای چەمكێكی دیاریكراو مەرج نییە لە بارودۆخێكی ئاخاوتنی تردا هەر هەمان (پوختە) هەڵبژێردرێت بۆ نواندنی هەمان (بنەما)ی خودی چەمكەكە، بەڵكو بە گۆڕانی هەڵهێنجانی مرۆڤەكان بۆ بارودۆخەكان و شارەزاییان تێیدا ڕێگەی جیاواز بەكاردێنن بۆ دركپێكردنی خودی (بنەما)ی چەمكەكە. هەربۆیە لە هەر بارودۆخێكدا وشەیەكی جیاواز وەك (پوختە) بۆ نمایندەی چەمكەكە دیاریدەكەن. با لە جیاوازی (پوختە)كانی بنەمای چەمكی (دەست پێوەگرتن) لە ئاوەزی مرۆڤی كورد وردببینەوە لە ڕستەكاندا:

(٣٦) ا- مرۆڤی [ڕەزیل/چروك] هەمیشە چاو برسییە.

ب- مرۆڤی [ئابوریكەر] هەمیشە چاو لە دووە.

گەر لە ڕستەكان ڕابمێنین، ئەوا دەبینین لە هەر دوو ڕستەی (١٣٦ و ٣٦ب)دا وشەكانی (ڕەزیل/چروك) و (ئابوریكەر) پوختەن بۆ نمایندەی چەمكی (دەست پێوەگرتن)، بەڵام لە ڕستەی (١٣٦)دا پەیپێبردنێكی



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەرێنییانە و لە ڕستەی (٣٦ب)دا پەیپێبردنێکی ئەرێنییانە درکپێدەکرێت. کەواتە بە گۆڕانی هەڵهێنجان لە بارودۆخەکە تێڕوانین بۆ خودی (بنەما)ی چەمکەکە گۆڕدراوە، هەربۆیە (پوختەکە)ش گۆڕدراوە.

لە کۆتایدا هەم ناونیشان و هەم شرۆڤە تیۆری و کارەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە سەلمێنەری ئەو چەمکە کرۆکییەی زانستی زمانی درکپێکردنن لە زمانی کوردیدا، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە کاتی بەکاربردنیاندا بەردەوام ناتوانن (زمان) وەك داهێنراوێکی بێ لایەن بە دوور لە شارەزایی خۆیان بەکاربێنن، بەڵکو هەمیشە (زمان) لایەندارە، تەنانەت لەو کاتانەشدا، کەوا دەردەکەوێت بێ ئاگایانە (زمان) بەکاردێنن.

## ئەنجام

لە شیکردنەوە درکپێکراوەکانی جەستەی لێکۆڵینەوەکەوە دەگەینە ئەوەی، کە:

١. زۆرترینی شرۆڤە واتاییەکانی زمانەوانی کوردی چاولێکەرانە و شێوازبەندانە وێڵی واتای سیمانتیکی دەربڕاوە زمانییەکان بوون. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە چەندین دیاردەی زمانەوانی گرنگی وەك (زمانپژان و زمان فێرکردن و زمانی ستاندارد و فەرهەنگسازی)یان شیتەڵ کردووە.

٢. بە شێوەیەکی نزیکەیی بنەمای دارشتنی چەمك لە ئاوەزی مرۆڤی قسپێکەری ڕەسەنی زمانی کوردیدا دەگرێتەوە بۆ پێواژۆی پێش چەمکییانە، کە خودی چەمکەکە دادەڕێژێت. ئەو پێواژۆ پێش چەمکییانەش خۆیان لە (چەمکیلەی چاولێکەرییانە و چەمکیلەی گشتی و چەمکیلەی کرۆکییانە و چەمکیلەی تایبەتمەند) دەبیننەوە.

٣. ئاوەزی مرۆڤ لە دارشتن و شرۆڤەی چەمکییانەدا هەرگیز واتای فەرهەنگی و واتای نافەرهەنگی لەیەکتر جیاناکاتەوە. هەربۆیە چ لە دارشتن چ لە تێگەیشتنی چەمکدا (سیمانتیك و پراگماتیك) یەکەیەکی لە یەك دانەبڕاون.

٤. واتای دەوروبەری وەرگرتنی چەمکیلەکان و دەوروبەری بەکارهێنانی پوختەکان تەواو جیاوازە لە واتای ئینسکلۆپیدی. جیاوازییەکەش لە پێوانەیی واتای دەوروبەرییە بۆ سەرکەوتویی بە دەستهێنانی پێواژۆ پێش چەمکییەکان.

٥. تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی چەمك لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا بەردەوام بە هۆی ئامادەیی سیمانتیکی چوارچێوەی چەمکەکانەوەیە، کە بە هۆیانەوە ئاخێوەران هەم چەمکەکان دادەڕێژیت و هەم تێشیان دەگات. ئەم تێگەیشتنە هەر واتای ئینسکلۆپیدی دەربڕاوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دارشتەی چەمکییانەی بونیادە ڕێزمانییەکانیش شرۆڤە دەکات و ڕەفتارە ڕێزمانییەکانیان دیاریدەکات.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەكان

یەكەم// بە زمانی كوردی:


١. محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەكداچوونی پێكهاتەكان، بەرگی یەكەم، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢. هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠١)، پراگماتیك و واتای نیشانەكان، نامەی دكتۆرا (بلاّونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی.


دووەم// بە زمانی ئینگلیزی:


1. Barodal, J. and Shilliah, L. (2009) The Role of Semantic, Pragmatic, Discovering Factors in the Development of Case, John Benjamins Publishing Company.
2. Chomsky, N. (2000) New Horizons in the Study of Language and Mind, Cambridge University Press.
3. Chomsky, N. (2006) Language and Mind, 3rd Edition, Cambridge University Press.
4. Contini-Morava, E. and Tobin, Y. (2000) Between Grammar and Lexicon, John Benjamins Publishing Company.
5. Croft, W. and Cruse, D., A. (2004), Cognitive Linguistics, Cambridge University Press.
6. Crus, D. (1986) Lexical Semantics, Cambridge University Press.
7. Cruse, D., A. (2000) Meaning in Language (An Introduction to Semantics and Pragmatics), Oxford University Press.
8. Evans, E. and Green, M. (2006) Cognitive Linguistics (An Introduction), Edinburgh University Press LTD.
9. Evans, V. (2007) A Glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh University Press LTD.
10. Fillmor, C., J. (1976) Frame Semantics and the Nature of Language, In Annals New York Academy of Sciences.
11. Fillmor, C., J. (1982) Frame Semantics (Linguistics in the Morning Calm), Edited by (The Linguistic Society of Korea).
12. Fillmor, C., J. (2007) Valency issues in Frame Net, In: Valency: theoretical, descriptive, and Cognitive issues, Mouton de Gruyter.
13. Geeraerts, D. (2010) Theories of Lexical Semantics, Oxford University Press.
14. Hale, K. and Jay, K. (1993) On Argument Structure and the Lexical Representation of Syntactic Relations, Cambridge University Press.
15. Heim, I and Kratzer, A. (2000) Semantics in Generative Grammar, Second Edition, Blackwell Publishing.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

16.Jeffries, L. (2006) Discovering Language, Palgrave MacMilan Publisher.
17.Lakendoff,R. (1990) Semantics Structures, MIT Press.
18.Langacker, R., W. (1987) Noun and Verbs, Language, Vol. 63, No.1, Linguistics Society of Amrica Publisher.
19.Langacker, R., W. (2008) Cognitive Grammar (A Basic Introduction), Oxford University Press.
20.Levin, B.; Pinker, S. (1991) Lexical and Conceptual Semantics, Blackwell, Cambridge University Press.
21.Levinson, C., S. (1983) Pragmatics, Cambridge University Press.
22.McGilvray, J. (2007) the Cambridge Companion to Chomsky, Cambridge University Press.
23.Mey, L., J. (2009) Concise Encyclopedia of Pragmatics, Second Edition, Elsevier LTD.
24.Prandi, M. (2004) The Building Blocks of Meaning, Benjamins Publishing Company.
25.Saeed, J., I. (2003) Semantics, Second Edition, Blackwell Publishing.
26.Smith, N. (2004) Chomsky (Idea and Ideals), Cambridge University Press.

**ملخص البحث**

يحاول هذا البحث المعنون ب " تركيب المفهوم في اللغة الكردية " تحليل عملية تكوين و تركيب المفهوم في المعجم الذهني للغة الكردية و ايجاد طريقة لفهمه و استيعابه. كما و انتهجنا (نظرية الدلال المعرفي) في (علم اللغة المعرفي) للوصول الى ذلك الغرض و من اجله قمنا بالاستقراء و التحقيق في كافة انواع المعرفة في اللغة الكردية التي تستنتج بدورها المفهوم في المعجم الذهني . ومن اجل الوصول الى الفهم الحقيقي للمفهوم عن طريق و على لسان متحدثيها الاصليين اى الكرد انفسهم طبقنا (نظرية الاطار الدلالي) في (الدلال المعرفي). وانطلاقا من هذا المنظور يتالف البحث من قسمين : الاول - " تنضيد المعنى التقليدي في علم اللغة" حيث حاولنا فيه عرض و شرح و تقييم الرؤية المعجمية التقليدية للمعنى فى علم اللغة العام و اللغة الكردية بشكل خاص . اما في القسم الثاني و عنوانه " تركيب المفهوم في الموسوع الدلالي " نوضح التحقيق الفعلي لفهم المفهوم في اللغة الكردية حسب نظرية ( الاطار الدلالي) في ( الدلال المعرفي) .

## Abstract

The current research "Concept Arrangement in the Kurdish Language" intents to interpret and analyze a pre-conceptual process; relating to the compositional concept of the Kurdish language as a mental lexicon. Furthermore, the research serves to address the detail, richness, and availability of the concept with in the Kurdish language. Therefore, the study further manages the "Cognitive Semantics theories in Cognitive linguistics" in order to investigate and conduct all types of knowledge in the language, the Kurdish language becoming an ideal to this method due to it containing pre-conceptual exercises and concept itself in a mental lexicon. The study scrutinizes the manners in which the native Kurdish speakers understand the real image of "concept" through the use of the "Frame Semantics Theory in Cognitive Semantics". According to this construal, the research becomes divided into two sections: The first Chapter titled "Traditional Meaning Composition in Linguistics", ventures to represent and evaluate the lexical definition of the actual meaning of General Linguistics, specifically in Kurdish Linguistics. The second chapter titled "Concept Arrangement through an encyclopedic meaning", attempts to practically illustrate the basic construal understanding of the concept in the Kurdish Language as claimed and pronounced by the Frame Semantics theory in Cognitive Semantics.